

یاریزانانی ریال مەدرید لەسەر رۆناڵدۆ هێرش دەکەنە سەر رامۆس..

# ناچۆ: شەکرە ناتوانێت لە یاریکردن و لە ریال دوورمخاتەوە

رووداوی وەرزشی - CNBC

ناچۆ فێرناندێز، بەرگریکاری یانەی ریال مەدریدی ئیسپانی، باسی مەینەتییەکانی خۆی بەدەست نەخۆشی شەکرەوە دەکات، کە 15 ساڵە بەدەستییەوە دەناڵێنێت. رۆژنامەیەکی ئیسپانیش ئاشکرایدەکات یاریزانانی ریال مەدرید لە کۆبوونەوەدا شەڕیان کەوتووەتە نێوان بەهۆی ئەوەی سێرجیۆ رامۆسی کاپتن، رۆناڵدۆی لە هاوڕێکانی بە گەورەتر زانیوە.

ناچۆ، لە هەڤپەیڤینێکدا ئاشکرایکرد لە تەمەنی 12 ساڵییەوە بەدەست نەخۆشی شەکرەوە دەناڵێنێت، بەڵام خۆی بەدەستەوە نەداوە و گوتی «نەخۆشی شەکرە ناتوانێت لە یاریکردن و لە ریال مەدرید دوورمخاتەوە». ئەو یاریزانە گوتیشی «سەرەتا تووشی بێئومێدییەکی زۆر بووم، چونکە پزیشکێک پێیگوتم تۆ هەرگیز ناتوانی یاری تۆپی پێ بکەی، بەڵام پزیشکێکی دیکە پێیگوتم بەپێچەوانەوە پێویستە هەمیشە وەرزش بکەی، بۆیە خۆم بەدەستەوە نەداو بوومە یاریزانی گەورەترین یانەی جیهان».

رۆژنامەی دیاریۆ گۆڵیش ئاشکرایکرد، دوای ئەوەی رامۆس لە کۆبوونەوەی راهێنەر و یاریزانانی ریال مەدریددا، گوتوویەتی «لەسەر هەمووومان پێویستە لەنێو یاریگەدا زیاتر رابکەین، تەنیا رۆناڵدۆ نەبێت». چەند یاریزانێکی ریال مەدرید (ئیسکۆ، مۆراتا، کرۆس و مۆدریچ) رەخنەی توندیان لە رامۆس گرتووەو بەوە تۆمەتباریان کردووە کە نادادپەروەرانە رەفتار دەکات و پێیانگوتووە «لە راستیدا رۆناڵدۆیە کە کەم رادەکات، پێویستە ئەو زیاتر رابکات و واز لە خۆویستییەکەی بێنێت، کە بەهۆیەوە زۆر لە هێرشەکانمان بێئاکام کۆتایی دێن».



WWW.RUDAW.NET

رووداو وەرزشی

ژمارە (440) سێشەممە 2017/3/7 16ی رەشەمێ - 2716 (500) دینار

رۆژنامەیەکی وەرزشی هەفتانەیە کۆمپانیای رووداو بەسپۆنسەری کۆمپانیای کورەک تیلیکۆم دەریدەکات


بەهۆی بڕیارەکەی ئێنریکی مەحاڵە بارسا لەبەرامبەر پاریس سانجێرمان بگەڕێتەوە..



# TNT

ئێنریکی لەبەر مێسی و ژنەکەی وازی لە بارسیلۆنا هێنا

ماسکارۆ: ئێنریکی بۆمبێکی لەنێو کامپ نودا چاندووە هەر کاتێ بتەقێتەوە هەموو شتێک وێران دەکات

3

"شەهید شیفا گەردی لە کەرکووک یەکەم بوو"



2

"سانچێز لە ئارسیناڵ گەورەترە"



5

تاوەکو ئێستا 4 یاریزانی لە مردن رزگار کردووە



5



6

مێگێل ئانخێل، راگەیاندنکاری ئیسپانی بۆ (رووداوی وەرزشی):

# بارسا بە پلەیستەیشن سەردەکەوێت

ڕووداو وەرزشی
ژمارە (440)
سێشەممە 2017/3/7

**سبەی لە دهۆک**

بڕیارە سبەی چوارشەممە 2017/3/8 پاڵەوانیەتی فۆتسالّی کچانی یانەکانی عێراق لە شاری دهۆک ئەنجام بدرێت. پەیامنێری (تۆڕی میدیایی ڕووداو) ڕایگەیاند لەو پاڵەوانیەتییەدا کە بە بەشداری 6 یانەی عێراق بەڕێوەدەچێت، یانەی سێمێلی سەر بە پارێزگای دهۆک یەکێک لەو یانانەی کوردستانە کە بەباشی خۆی بۆ ئەو پاڵەوانیەتییە ئامادەکردووەو دەیەوێ ئاستێکی بەرز پێشکەش بکات و نازناوەکە بباتەوە. کچە یاریزانێکی ئەو یانەیە بە (تۆڕی میدیایی ڕووداو)ی گوت «ئێمە هیچ کێشەیەکمان نییە، خۆمان بەباشی ئامادەکردووەو پەنا بەخوا ئاست و ئەنجامی باش بەدەستدێنین».

# لە کەرکووک شەهید شیفا یەکەم بوو





## فەرەحناز سدیق: شیفا گەردی سیمبولّی ژنی بوێرە

**هەرێز جەمال**
**ڕووداوی وەرزشی - سلێمانی**

لە شاری کەرکووک بە بەشداری 200 یاریزانی یانەکانی کوردستان، ڕاکردنی ماوەدرێژ بۆ یانەکانی باشووری کوردستان بۆ پیاوان و ئافرەتان بەڕێوەچوو. ئەو کچە یاریزانەی پلەی یەکەمی بەدەستهێنا بە درێسی شەهید شیفا گەردییەوە بەشداری کرد.

فەرەحناز سدیق، یاریزانی یانەی پێشمەرگەی سلێمانی، پاڵەوانی سەر ئاستی ئافرەتانی ڕاکردنەکە، بە (ڕووداوی وەرزشی) گوت «زۆر خۆشحالّم کە وەک یاریزانێک بەشداریم لەم پێشبڕکێیەدا کردووە، کە بە بۆنەی ڕاپەڕینەوە ڕێکخراوە، زۆریش دلّخۆشم کە توانیم لەسەر ئاستی ئافرەتان پلەی یەکەم دەستەبەر بکەم، ئەوە چەندین ساڵە پلەی یەکەم دەستەبەر دەکەم».

ئەو کچە یاریزانە، لە شاری مەریوانی ڕۆژئاوای کوردستان لەدایکبووە، ماوەی 3 ساڵە لە ریزەکانی یانەی پێشمەرگەی سلێمانی پیشەگەرە، لە ماوەی بەشداریکردنی لە خول و پێشبڕکێیەکاندا، چەندینجار نازناوی یەکەمی لەسەر ئاستی کوردستان و عێراق دەستەبەر کردووە.

فەرەحناز، لە کۆتایی هێڵی پێشبڕکێیەکە بە درێسێکی شەهید شیفاوە دەرکەوت، ئەو لەبارەی هۆکاری لەبەرکردنی ئەو درێسەی شەهید شیفاوە گوتی «من شەهید شیفا وەک سیمبولّی کچێکی بوێر دادەنێم، شەهیدبوونیشی ئازارێکی قورس بوو، هەم لە باشووری کوردستان و عێراق و تەنانەت ڕۆژهەلاّتی کوردستانیشی ڕاچەڵەکاند، هیوادارم هەموو ئافرەتانی جیهانیش وەک شەهید شیفا سیمبولّ بن، بۆیە وێنەی ئەوم لە سەر درێسەکەم دانا».

فەرەحناز سدیق کچە وەرزشکاری ڕۆژهەلاّتی کوردستان، لە ساڵی 1995 لەدایکبووە، ماوەی چەند ساڵێکە لە تیپی گۆڕەپان و مەیدانی پێشمەرگەی سلێمانی یاری دەکات و پێشتریش لە چەندین پاڵەوانیەتی یانەکانی ئێران پلەی یەکەمی دەستەبەر کردووە.

**سەرەڕای کۆمەڵێک گرفتی دارایی..**

# کەرکووک چاوی لە نازناوی خولی کوردستانە

## دارەوان قادر: هاندەرانی کەرکووک متمانە بە ئێمە دەکەن، بۆیە دەبێ دلّیان خۆش بکەین

**کارزان کانەبی**
**ڕووداوی وەرزشی - کەرکووک**

ڕاهێنەری تیپی تۆپی پێی یانەی کەرکووک، بە (ڕووداوی وەرزشیی) ڕاگەیاند سەرەڕای سەرکەوتنیان بۆ یارییەکانی چوارگۆشەی زێڕینی خولی نایابی پێشمەرگەی کوردستان، هێشتا لە ڕووی داراییەوە بارودۆخیان زۆر خراپەو گوتی «یاریزانەکانمان مووچەی 2 مانگیان پێنەدراوە، کەچی سوورین لەسەر بردنەوەی نازناوەکە».

تیپی تۆپی پێی یانەی کەرکووک سەرەڕای بوونی ئەو هەموو گرفتە داراییە و هاوکاری نەکردنی لەلایەن بەرپرسانی شارەکەیان، بە توانای کوڕانی شارەکەیان توانیان خەونی لەمێژینەیان بەدیبێنن و خۆیان بگەیننە چوارگۆشەی زێڕینی خولەکە. وەک کەرکووکییەکان باسی دەکەن، لەلای تیپی کەرکووک بووەتە نەریت کە بەردەوام ڕووبەڕووی گرفتی دارایی دەبنەوەو ساڵانە لەگەڵ دەستپێکی خولەکە گرفتەکانیان دەستپێدەکات و تاوەکو خولەکە کۆتایی دێت بەردەوام دەبێت، هەرچەند داوای هاوکاریش بکەن کەس بەدەنگیانەوە ناهێت.

ئێستا ئەو تیپە گەیشتووەتە قۆناخێکی هەستیار، بەڵام دووبارە گرفتەکەیان بێ چارەسەر ماوەتەوە. لەم بارەوە دارەوان قادر ڕاهێنەری تۆپی پێی یانەی کەرکووک بە (ڕووداوی وەرزشی) گوت «ئێستا کە ئەو هەموو بەربەستەمان بڕی و توانیمان سەرکەوین بۆ چوارگۆشەی زێڕین، خەون و هیوای بەدەستهێنانی نازناوی خولی کوردستان لای ئێمە گرنگتر و گەورەتر بووە، چونکە تاکە ئامانجی ئێمە بەدەستهێنانی نازناوەکەیە بۆ شاری کەرکووک». ئەو هەروەها گوتی «بەڵام ئەوەی ئێمەی سەرقاڵ کردووە ئەو قەیرانە داراییە بەردەوامەیە کە چەندین ساڵە بەرۆکی یانەی کەرکووک بەرنادات، ئێستا ئێمە کە سەرکەوتووین بۆ چوارگۆشەی زێڕین لە بڕی خەلاّتکردن و پاداشت کردنمان، تاوەکو ئێستا یاریزانانی ئێمە مووچەی زیاتر لە 2 مانگیان وەرنەگرتووە، بێگومان ئەوەش کاریگەری دەبێت لەسەر ئاستی یاریزانەکانمان».

ڕاهێنەری یانەی کەرکووک، گوتیشی «ئاستی یاریزانەکانمان باشە، هەرچەندە گرێبەستیان نییەو تەنیا مووچە وەردەگرن، کەچی ئەویش دواکەوتووە، بەرپرسانی یانەکەمان هەوڵی خۆیان داوە، بەڵام تاوەکو ئێستا هیچ نەکراوە، بۆیە پێویستە بەرپرسی گەورەتر بێتە سەر هێڵ و یارمەتیمان بدات، کەس هاوکاری یانەی کەرکووک ناکات، ئەو یاریکردن و سەرکەوتنانەشمان تەنیا بەهۆی هاوڕێیەتی و خۆشەویستی بۆ شارەکە بووە».

دارەوان قادر، ئاماژەی بۆ ئەوەکرد کە هاندەرانی کەرکووک زۆر متمانەیان بە یاریزانەکانیان هەیە و گەشبینین بە بەدەستهێنانی ئەنجامی باش «ئێمەش ئامادەکاری باش دەکەین بۆ ئەوەی ئەنجامی باش بەدەستبێنین و دلّی جەماوەرەکەمان خۆش بکەین، هەرچەندە چەند ڕۆژێکە مەشقەکانمان نەکردووە».

هەروەها گوتیشی «زانیاری لەسەر تیپەکان کۆدەکەینەوە، ئەگەرچی ئەوان و ئێمەش باش یەکدی دەناسین و یاریمان لەگەڵ کردوون، ئاستی تیپەکانی چوارگۆشەی زێڕین زۆر بەرزە، ئێمەش وەک ستافی ڕاهێنەران پلانی تۆکمە دادەنێین».



**محەمەد عەبدولخالق، یاریزانی کوردی تۆپی باسکەی یانەی کەرخ:**

# «لە کوردستان یاری تۆپی باسکە لەناودەچێت»



**کارزان کانەبی**
**تایبەت بە ڕووداوی وەرزشی**

محەممەد عەبدولخالق، یاریزانی کوردی تۆپی باسکەی یانەی کەرخی بەغداد، لە ڕێگەی (ڕووداوی وەرزشی)یەوە هۆشداری لەناوچوونی یاری باسکە لە کوردستان دەدات و دەڵێت «ئەگەر لە کوردستان بەمشێوەیە یاری باسکە پشتگوێ بخرێت و کەس خۆی بە خەمخۆری نەزانێت یارییەکە بەتەواوی لەناودەچێت».

لە شاری هەولێر تاوەکو ئێستا تیپێک نییە لە خولی نایابی باسکەی عێراق یاری بکات، لە کاتێکدا پێشتر چەند یانەیەک هەبوون ڕکابەری یانەکانی عێراقیان دەکرد، بۆیە ئێستا یاریزانە باشەکانی کوردستان لەلایەن یانەکانی عێراقەوە دەکرێنە ئامانج و پەلّکێشی یانەکانیان دەکەن، گرێبەست و مووچەی شایستەیان پێدەدرێت، یەکێک لەو یاریزانانە محەممەد عەبدولخالقی یاریزانی شاری هەولێرە، کە ئێستا بەپێی گرێبەستێک چووەتە ریزەکانی یانەی کەرخی شاری بەغداد. ئەو یەکێکە لە یاریزانە لاوە هەرە بەتواناکان لەسەر ئاستی کوردستان و عێراق، بۆیە بەهۆی ئەو ئاستە بەرزی لەلایەن چەندین یانەی ناوەوەو دەرەوەی عێراقەوە داوای گرێبەستی لێکراوە.

محەمەد عەبدولخالق، بۆ (ڕووداوی وەرزشی) باسی کاروانی وەرزشیی خۆی کرد و گوتی «پێشتر بۆ چەندین یانەی شاری هەولێر یارییم کردووەو خزمەتی وەرزشیی باسکەم کردووە لە ڕێگەی یانەکانی شاری هەولێرەوە، بەڵام دواتر ڕووم لە یانەی دهۆک کرد کە ئەوکات ئەوان بەشداری خولی عێراقییان دەکرد، ئێستاش بە فەرمی گرێبەستم لەگەڵ یانەی کەرخی شاری بەغداد کردووە». ئەو یاریزانە هەولێرییە گوتیشی «زۆر ئاسوودەم بە یاریکردن بۆ یانەی کەرخ، کە یەکێکە لە باشترین یانەکانی عێراق و خاوەن کۆمەڵێک یاریزانی بەتوانایە لەسەر ئاستی عێراق، ئەوان زۆر ڕێزم دەگرن، چ وەک کارگێڕی یانەکە، یان یاریزانان و هاندەرانی تیپەکە».

لەبارەی داواکردنی لەلایەن یانەکانی دیکەشەوە، یاریزانی ناوبراو گوتی «لەلایەن زۆربەی یانەکانی عێراقەوە گرێبەستم پێشکەش کراوە بۆ ئەوەی یاری بۆ تیپەکانیان بکەم، لە دەرەوەی عێراقیش یانەی دیاربەکر، کە لە خولی تورکیا یاری دەکات گرێبەستی پێشکەش کردم، بەڵام پێمباشبوو ئێستا لە ناوخۆی عێراق یاری بکەم».

لەبارەی یاری باسکە لە کوردستان، محەممەد عەبدولخالق، هۆشداری لەناوچوونی ئەو یارییە دەدات و دەڵێت «بەڕاستی ئاستی یاری باسکە لە کوردستان زۆر خراپە، چونکە پەرە بەم یارییە نادرێت و بەتەواوی پشتگوێ خراوە، بۆیە ئەگەر بەمشێوەیە بمێنێتەوەو بایەخی پێنەدرێت و کەس خۆی بە خەمخۆری یاری باسکە نەزانێت بەتەواوی لەناودەچێت، دەبێت سەرۆکی یەکێتی تۆپی باسکەی کوردستان داوای هاوکاری لە کۆمپانیاکان بکات بۆ ئەوەی ڕەوشەکە لەوە زیاتر تێکنەچێت».

KOREK Telecom

ئۆفەرێك بۆ بەشدارانی پاكێجەكانی ئینتەرنێتی كورەك
ڕۆژانە ئینتەرنێتی بێسنوور بەخۆڕایی وەربگرن



ئێستا سەرجەم بەشدارانی پاكێجەكانی ئینتەرنێتی Extra G دەتوانن هەموو ڕۆژێك بەشێوەی ئۆتۆماتیكی ئینتەرنێتی خۆڕایی وەربگرن لە كاتژمێر 1ی شەو تاكو 7ی بەیانی.
ئەم ئۆفەرە بۆ سەرجەم بەشدارانی پاكێجەكانی ئینتەرنێت بەردەستە بەبێ هیچ خەرجییەكی زیادە.

بۆ بەشداریكردن لە پاكێجە جۆراوجۆرەكانی ئینتەرنێت كە ئەم ئۆفەرە دەیگرێتەوە، پەیوەندی بكەن بە: #250* یان #360* یان #257*

korektel.com
411



## ناچاریکردووە

ڕۆژنامەی ئیلکۆنفیدانشیاڵی ئیسپانی نهێنییەکی نێوان هەردوو یانەی ریال مەدرید و هێرینڤین ئاشکراکرد، سەبارەت بە ئۆدیگاردی یاریزانی نەرویجی، کە یاریزانی یانەی شاهانەیەو بەشێوەی خواستن چووەتە ریزەکانی هێرینڤینی هۆڵەندی. ئەو ڕۆژنامەیە نووسیویەتی «هەرچەندە یۆرگن ستریبلی ڕاهێنەری هێرینڤین لە ئاستی ئۆدیگارد ڕازی نییە، بەڵام هەمیشە لە پێکهاتەی سەرەکیدا دەردەکەوێ، ئەوەش بەهۆی ئەوەیە کە ریال مەدرید هێرینڤینی ناچارکردووە یاری بە ئۆدیگارد بکات». بەپێی ڕۆژنامەکە «ریال مەدرید لە گرێبەستی بەخواستنی ئۆدیگارددا مەرجی ئەوەی بەسەر هێرینڤیندا سەپاندووە، ئەگەر لە هەر یارییەکدا بەشداری بە ئۆدیگارد نەکات، پێویستە 40 هەزار یۆرۆ بداتە یانەی شاهانە».

## هەڵەی ناوبژیوانان نازناوەکە بە ریال دەدات یان بارسا؟!..

# شەڕی لالیگا بەردەوامە




**ئا: ڕووداوی وەرزشی**

سەرەڕای ئەوەی خولی تۆپی پێی ئیسپانیا بە بەهێزترین و پڕ ئەستێرەترین خولی جیهان دادەنرێت، هەمیشە باس لەوە دەکرێت کە ناوبژیوانانی ئەو خولە زۆرترین بڕیاری هەڵە دەدەن لە کاتی بەڕێوەبردنی یارییەکانی خولەکە، تەنانەت کار گەیشتووەتە ئەوەی میدیای وەرزشیی هەمیشە ناوبژیوانان بە لایەنگری ئەم و ئەو تاوانبار دەکەن، بەتایبەتیش هەردوو یانە ڕکابەرە تەقلیدییەکە، ریال مەدرید و بارسێلۆنا.

شەڕی ئەمساڵی نازناوەکە زۆر سەخت و دژوار دیارە، بەتایبەتی لەنێوان بارسا و ریالدا، کە تاوەکو ئێستا بارسا بە تەنیا خاڵێک لەپێش ریالە، بەڵام ئەمەی دوایی یارییەکی کەمترە، بەڵام میدیای هەردوولا باس لەوە دەکەن ئەگەر هەڵەی ناوبژیوانان نەبووایە ئێستا ڕیزبەندی یانەکان جیاواز دەبوو.

ڕۆژنامەی سپۆرتی ئیسپانی لەو بارەوە لێکۆڵینەوەیەکی لەسەر هەڵەی ناوبژیوانان ئەنجامداوە، کە بووەتە هۆی گۆڕانی ئەنجامی یارییەکان و ڕیزبەندی گشتی لالیگا. بەپێی ئەو لێکۆڵینەوەیە ئەگەر هەڵەی ناوبژیوانان نەبووایە، ئێستا بارسێلۆنا بە جیاوازییەکی زۆر لەپێش ریال مەدرید لە سەرووی ڕیزبەندی دەهات، کە سوودی زۆری لە هەڵەی ناوبژیوانان وەرگرتووە.

ڕۆژنامەکە تیشکی خستووەتە سەر ئەو لایەنە، دوای ئەوەی لێدانێکی سزای گومانایی بۆ ریال مەدرید بەرامبەر ڤیاڕیال لە گەڕی 24 ئەژمارکرا. بڕیاری ناوبژیوانان کاریگەری بەسەر 5 یاری بارسا هەبووە، کە لە چواریان 7 خاڵی لەدەستداوە، کەچی لە یەک یاری بەرامبەر ریال سوسیداد سوودی لە هەڵەی ناوبژیوان وەرگرتووەو یەک خاڵی بەدەستهێناوە، واتە بارسا بەشێوەیەکی گشتی 6 خاڵی لەدەستچووە، ئەگەرنا ئێستا بە کۆکردنەوەی 66 خاڵ لە جیاتی 60 خاڵ لە پلەی یەکەم دەبوو. هەرچی ریال مەدریدە سوودی زۆری لە هەڵەی ناوبژیوانان وەرگرتووە، ئەویش پێدانی 7 خاڵە، ئەگەرنا لەجیاتی 59 خاڵ ئێستا 52 خاڵی دەبوو.

«بەپێی لێکۆڵینەوەیەکی نوێ ئەگەر هەڵەی ناوبژیوانان نەبووایە ئێستا بارسا 66 خاڵ و ریال 52 خاڵی دەبوو»

### شەڕی لالیگا بەردەوامەو هەردوو ڕکابەرەکە ئەم یاریانەیان ماوە:

(هەفتەی 21) 2017/2/3
- سێلتاڤیگۆ ـ ریال مەدرید

(هەفتەی 27) 2017/3/12
- دیپۆرتیڤۆ ـ بارسێلۆنا
- ریال مەدرید ـ ریال بیتیس

(هەفتەی 28) 2017/3/19
- ئەتلەتیک بلباو ـ ریال مەدرید
- بارسێلۆنا ـ ڤالێنسیا

(هەفتەی 29) 2017/4/2
- گرانادا ـ بارسێلۆنا
- ریال مەدرید ـ ئالاڤێس

(هەفتەی 30) 2017/4/5
- بارسێلۆنا ـ سڤیلیا
- لیگانێس ـ ریال مەدرید

(هەفتەی 31) 2017/4/9
- مەلەگە ـ بارسێلۆنا
- ریال مەدرید ـ ئەتلەتیکۆ مەدرید

(هەفتەی 32) 2017/4/16
- بارسێلۆنا ـ ریال سۆسیداد
- خیخۆن ـ ریال مەدرید

(هەفتەی 33) 2017/4/23
- ریال مەدرید ـ بارسێلۆنا

(هەفتەی 34) 2017/4/26
- بارسێلۆنا ـ ئۆساسۆنا
- دیپۆرتیڤۆ ـ ریال مەدرید

(هەفتەی 35) 2017/4/30
- ئیسپانیۆل ـ بارسێلۆنا
- ریال مەدرید ـ ڤالێنسیا

(هەفتەی 36) 2017/5/7
- بارسێلۆنا ـ ڤیاڕیال
- گرانادا ـ ریال مەدرید

(هەفتەی 37) 2017/5/14
- لاس پالماس ـ بارسێلۆنا
- ریال مەدرید ـ سڤیلیا

(هەفتەی 38) 2017/5/21
- بارسێلۆنا ـ ئیبار
- مەلەگە ـ ریال مەدرید

## هەموو شتێک لەبارەی وازهێنانی لویس ئێنریکی..

# لوتچۆ لەبەر مێسی و ژنەکەی وازی لە بارسا هێنا

### «لوتچۆ یان دەبێتە چێشتلێنەر یان وەبەرهێنان لە بواری پایسکلسواری دەکات»

**ئا: ئیحسان تامیر**

ماڵپەڕی دیاریۆ گۆڵی بەناوبانگی ئیسپانی، ڕایگەیاند لویس ئێنریکی بەهۆی ئەو پەیوەندییە ساردەی لەگەڵ لیۆنێل مێسی ئەستێرەی ئەرجەنتینی یانەی بارسێلۆنا هەیبوو، بڕیاریدا لە بارسێلۆنا بڕوات. ڕاگەیاندنکارێکی بەناوبانگی کەتالۆنیش دەڵێت «ئێنریکی بە بڕیاری ڕۆیشتن بۆمبێکی TNT لەنێو کامپ نودا چاندووە، لەوانەیە بتەقێتەوەو هەموو شتێک لەناوببات». بەپێی ئەو ماڵپەڕە مێسی لە بارسا دەستی بەسەر هەموو شتێکدا گرتووەو نووسیویەتی «مێسی بووەتە ئیمپراتۆر، بەهێزترین پیاوە لەنێو بڕیار بەدەستەکانی بارسادا، تەنانەت دەتوانێت دەسەڵاتی خۆی بەسەر ئەندامانی دەستەی کارگێڕی یانەکەش بسەپێنێت».

### مێسی لە ئێنریکی بەهێزترە

ئەو ماڵپەڕە باس لەوە دەکات کە کێشەکانی مێسی و ئێنریکی لەدوای یاری بارسێلۆنا و پاریس سانجێرمان لە چامپیۆنزلیگدا سەریان هەڵدا، کاتێک بارسا بە 4 گۆڵی بێبەرامبەر تووشی شکست بوو «مێسی لەدوای ئەو یارییە سەرکردایەتی گرووپێک لە یاریزانە هاوڕێکانی کرد بۆ یاخیبوون لەدژی ئێنریکی، چونکە پێیوابوو ڕاهێنەر و پلانە بێ کەڵکەکانی هۆکاری ئەو شکستە گەورەیە بوون، کە زۆر زەحمەتە بتوانن لە یاری گەڕانەوەدا قەرەبووی بکەنەوە».

ئەو ماڵپەڕە زیاتر لەو بارەوە باس دەکات و دەڵێت «لە کاتێکدا کە مێسی لە هەوڵدابوو بۆ دەرکردنی ئێنریکی، ئەو ڕاهێنەرە هەستی بەوەکرد کە کەس لە دەوروبەری نییە بۆ پاراستنی، ئەو لەوە تێگەیشت کە ئیدارەی بارسا بە بارتۆمیۆی سەرۆکەکەیشەوە بەرگری لێناکەن، بۆیە بڕیاریدا وازبێنێت بۆ ئەوەی چیدی ڕووبەڕووی ڕەخنە و سووکایەتی دەزگاکانی ڕاگەیاندن نەبێتەوە».

### ڕاهێنەری تازەی بارسا بەدەست مێسییە

یانەی بارسێلۆنای ئیسپانی بەدوای ڕاهێنەرێکی تازەدا دەگەڕێت، کە وەرزی داهاتوو ئەو پۆستە وەرگرێت، دوای ئەوەی لویس ئێنریکی ڕۆیشتنی خۆی لە کۆتایی ئەم وەرزە ڕاگەیاند. ئەشرەف بن عەیادی پەیامنێری تۆڕی (بی ئێن سپۆرت)ی قەتەری لە بارسێلۆنا بە پشتبەستن بە سەرچاوەکانی، دەڵێت «کارگێڕی یانەکەی کەتالۆنیا چاوەڕێی ڕەزامەندی یاریزانی تیپەکە لیۆنێل مێسی دەکات، لەسەر ڕاهێنەری تازە بەر لە دامەزراندنی». بن عەیاد لەسەر تۆڕی کۆمەڵایەتی تویتەر نووسیویەتی «ڕاهێنەری داهاتووی بارسێلۆنا دوای ڕەزامەندی مێسی لەسەری، ئینجا دەستنیشان دەکرێت». لیژنەیەک بەسەرپەرشتی سەرۆکی یانەکە جۆسێپ ماریا بارتۆمیۆ، کۆبوونەوەیەک ئەنجام دەدەن و لیستی پاڵێوراوەکان بۆ سەرکردایەتیکردنی بلاوگرانا لە وەرزی داهاتوودا دیاری دەکەن.

### ئێنریکی TNT داناوە

لویس ماسکارۆ، کە یەکێکە لە بەناوبانگترین ڕاگەیاندنکارانی کەتالۆنیا، ڕەخنەی لە بڕیاری وازهێنانی ئێنریکی گرت و ڕایگەیاند ئێنریکی خراپترین کاتی دەستنیشانکرد بۆ وازهێنان و گوتی «ئێنریکی بۆمبێکی TNT لەنێو ماڵی بلاوگرانادا چاند، کە هەر کاتێ بتەقێتەوە هەموو شتێک وێران دەکات».

ماسکارۆ، کە بەوە ناسراوە هاندەرێکی سەرسەختی بارسێلۆنا و لیۆنێل مێسیە، لە وتارێکدا باس لەوە دەکات کە لە کاتێکدا بارسا ئێستا لە هەموو کاتێک زیاتر پێویستی بە ئارامی و سەقامگیری هەیە، بەو پێیەی بەهێز گەڕاوەتەوە نێو ململانێ لەسەر نازناوی لالیگا و یارییەکی گرنگ و زەحمەتی لەپێشە لە چامپیۆنزلیگدا، ئێنریکی بۆمبێکی زۆر مەترسیداری لە ماڵی ئەو یانەیەدا چاند، کە هەر کاتێ بتەقێتەوە هەموو شتێک لەناودەبات». ئەو ڕاگەیاندنکارە لەو بارەوە زیاتر دەڵێت «پێموایە ئەو بڕیارەی ئێنریکی گەڕانەوەی بارسای لەدژی پاریس سانجێرمان کردە مەحاڵ، کە ئەگەری ئەوە هەبوو بارسا مێژوویەکی نوێ لەو یارییەدا تۆمار بکات. هەروەها کاریگەرییەکی زۆر خراپیشی بەسەر ململانێکردنی بارسا لەسەر نازناوی لالیگا دروست دەکات و لەوانەیە ریال مەدرید سوود لەو بڕیارەی ئێنریکی وەربگرێت و بارسا نەتوانێت نازناوەکە لە ریال مەدرید وەربگرێت».

لویس ماسکارۆ، هەروەها دەشڵێت «ئێنریکی گەمژەیە، ئەگەرنا چۆن بە 24 کاژێر ڕای خۆی دەگۆڕێت، کە پێشتر گوتبووی لەگەڵ بارسا بەختەوەرم، کەچی دوای تەنیا ڕۆژێک بڕیاری ڕۆیشتنی دا».

### 3 هەنگاو و 6 پاڵێوراو

یانەی بارسا لیژنەیەکی تایبەتی بۆ گفتوگۆکردن لەسەر ڕەوشی ڕاهێنەری تازە پێکهێناوە، کە بریتین لە (جۆسێپ بارتۆمیۆی سەرۆکی یانە، جۆردی میستری جێگر، ئەلبێرت سولێر بەڕێوەبەری ناوچەی وەرزشیی پیشەگەریی و ڕۆبیرتۆ فێرنانێیزی بەڕێوەبەری وەرزشیی). ئەمەو لیژنەکە یەکەم کۆبوونەوەی خۆی ئەنجام دەدات، بۆ ئەوەی لیستی پاڵێوراوەکان بۆ سەرکردایەتی بلاوگرانا لە وەرزی تازە دیاری بکەن، ئەوەش بە گوێرەی 3 هەنگاو دەبێت.

1 ـ دیاریکردنی شێوازی یاریکردن، کە بارسێلۆنا دەیەوێ وەرزی تازە یاری پێبکات.

2 ـ چاوخشاندن بە سەربردەی ڕاهێنەر و دڵنیابوون لە توانای پیادەکردنی شێوازی پێویست.

3 ـ دیاریکردنی لیستی پاڵێوراوەکان.

چوار پاڵێوراو لەسەرووی ئەو لیستە دێن، کە یانەکە دەیەوێ پشتی پێیان ببەستێت، ئەوانیش ئێرنستۆ ڤالڤێردی ڕاهێنەری ئەتلەتیکۆ مەدرید، ڕۆناڵد کومان ڕاهێنەری ئێڤێرتۆنی ئینگلیزی، ئۆزیبیۆ ساکریستان ڕاهێنەری ریال سۆسیداد و خوام کارلۆس ئۆنزۆی یاریدەدەری ئێنریکی. پێشبینی دەکرێ لیستەکە فراوانتر بکرێت و هەریەک لە ئەرجەنتینی خۆرخی سامپاولی ڕاهێنەری سڤیلیا و ئەڵمانی یۆرگن کلۆپی ڕاهێنەری لیڤەرپوولی ئینگلیزیش بگرێتەوە. لەناکاو ناوێکی تازەش لەنێو پاڵێوراوەکان پەیدا بوو، ئەویش چاڤی هێرناندێزی کاپتنی پێشووی بارسا و ئەستێرەی ئێستای سەدی قەتەرییە، کە کۆمەڵێک هاندەری بلاوگرانا لەسەر تۆڕی کۆمەڵایەتی تویتەر، هەڵمەتێکی ئەلیکترۆنی پاڵپشتیان بۆ پاڵاوتنی چاڤی بۆ ئەو پۆستە بەرپاکردووە.

کەناڵی کواترۆ، تیشکی خستووەتە سەر ئەو هەڵمەتە، کە دروشمی «چاڤی ڕاهێنەر» هەڵگرتووەو تویتی پشتیوانی لە هەڵمەتەکە ئاڵوگۆڕ کردووە، کە تێیدا باس لە توانای مایسترۆ لەسەر ڕابەرایەتیکردنی تیپەکە دەکەن، ئەوەش لەبەر کەسایەتی بەهێزی و دیدی بەرچاوی پلاندانانی، لەوانەش گرنگتر پەیوەندی باشی لەگەڵ هەموو یاریزانانی یانەکە، هەرچەندە هیچ ئەزموونیشی لە جیهانی ڕاهێنەرایەتیدا نییە. پێدەچێت بیرۆکەکە واقیعی نەبێت، چونکە چاڤی هێشتا یاری دەکات و هەنگاوەکانی بەدەستهێنانی مۆڵەتی بوونە ڕاهێنەریشی دەست پێنەکردووە، بێجگە لەوەی چاوی خستووەتە سەر یانەی سەدی قەتەری، لە سایەی ئەو ململانێیەی لەگەڵ یانەی لخویا لەسەر نازناوی خولی ئەستێرەکانی قەتەر لەو وەرزەدا هەیەتی.

چەندین ناوی دیکەش بۆ ڕاهێنەرایەتی بارسا پاڵێوراون، لەوانە ڕۆناڵد کۆمانی هۆڵەندی، ماوریسیۆ پۆکیتینۆی ئەرجەنتینی و ئارسین ڤینگەری فەرەنسی، ئەگەرچی دەرفەتیان لەچاو ڤالڤێردی و سامپاولی زۆر کەمترە. بەڵام لەوانەیە چاڤی ببێتە یاریدەدەری ڕاهێنەر، ئەگەر بڕیار بدات کۆتایی بە کاروانی وەرزشیی خۆی لە قەتەر بێنێت.

### لەبەر خاتری ژنەکەی وازی لە بارسا هێنا

دەزگاکانی ڕاگەیاندنی کەتالۆنیا دووپاتیان کردەوە، ئیلینا کولیل ژنی لویس ئێنریکی بەهێزترین هۆکاری بڕیاری ڕۆیشتنی مێردەکەی بووە لە ڕاهێنەرایەتی یانەی بارسێلۆنا لە کۆتایی وەرزدا، داواشی لە ئێنریکی کردووە بە یەکجاری لە پیشەی ڕاهێنەرایەتی دوورکەوێتەوە، چونکە پێشەیەکی زۆر قورسە و فشاری زۆری تێدایە. لوتچۆ لەوەتەی گرێبەستی لەگەڵ بارسا کردووە، ژیانی تایبەتی خۆی زۆر فەرامۆش کردووەو زۆربەی کاتەکان لە بنکەی خوان گامبەرە بۆ ڕاهێنان یان خوێندنەوەی ڕکابەرانی، ئیلیناش زۆر بەو ژیانە ڕازی نییە، لەو کاتەی زۆربەی خەڵکی چاوەڕێی ناسنامەی ڕاهێنەری تازەی بارسێلۆنان، بەدواداچوونی دیکە لە ڕووگەی داهاتووی ئێنریکی دەپرسن، کە بێگومان چەندین گرێبەستی لە یانەکانی ئیسپانیا و ئەورووپا پێشکەش دەکرێ و چاوەڕێی بڕیاری کۆتایی ئەو دەکرێ.

### لوتچۆ زۆر پارێزگارەو کەس ئاگای لە ژیانی تایبەتی نییە

ئێنریکی بە یەکێک لە پارێزگارترین کەسایەتییە وەرزشییەکان سەبارەت بە ژیانی تایبەتی خۆی دادەنرێت، ئەو زۆر بە کەمی لە گەڵ هاوسەرەکەی دەردەکەوێت، لەگەڵی ئامادەی ئاهەنگی بەکۆمەڵەکانی یانەی بارساش نابێت، مەگەر زۆر بە کەمی نەبێت. پێدەچێت لوتچۆ نەیەوێ هاوسەرەکەی بخزێنێتە نێو کێشەکانی تۆپی پێوە، بێجگە لەوەی هەر خۆی کەسێکی پارێزگارە، هەتا بێ گەڕانەوەش بۆ ژیانی هاوسەریی. ئێنریکی ئەو دەمەی یاریزانیش بوو ڕقی لە دەرکەوتنی میدیاکان بوو، تەنیا لە حاڵەتی زۆر پێویست نەبووایە، هەروەها بە روونیش وەڵامی ڕۆژنامەنووسان دەداتەوە، نەریتی وایە لە وەڵامە کورتەکانیدا شتی شاراوە بەدی دەکرێت.

### بیر لە وەبەرهێنان لە پایسکلسواری دەکاتەوە

بە گوێرەی کەسانی نزیک لە ڕاهێنەرەکەی بارساوە، ئێنریکی بیر لە وەبەرهێنان لە یانەیەکی پایسکلسواری لە شاری بارسێلۆنا دەکاتەوە، بەوە ناسراوە زۆر شەیدای ئەو وەرزشەیە، کە هەموو ڕۆژانی پشووی لەگەڵ هەندێ هاوڕێی ئەنجامی دەدات، بێجگە لەوەی بەشداری لە چەندین ڕکابەری ناوخۆیی ئەو وەرزشەدا کردووە، بە مەبەستی تاقیکردنەوەی کەشوهەواکەی لەگەڵ پیشەگەرانی و دوورکەوتنەوە لە فشارەکانی تۆپی پێوە، لەتەک ئەوەشدا لوتچۆ زنجیرەیەک چێشتخانە لە ئیسپانیا دەکاتەوە، هاوشێوەی زۆربەی یاریزانی دیکە، ئەوە ئەگەر بە فەرمی لە ئەرکی ڕاهێنەرایەتی دوورکەوێتەوە.




دیاریۆ گۆڵ: مێسی ئیمپراتۆرە، بەهێزترین پیاوە لەنێو بڕیار بەدەستەکانی بارسادا

«ئێنریکی کە زانی کەس نییە ئەو لە مێسی بپارێزێت بڕیاری ڕۆیشتنی دا»



## راستە

تۆم دیڤیزی یاریزانی یانەی ئیڤێرتۆنی ئینگلیزی ئەو دەنگۆیانەی پشتڕاست کردەوە کە باس لەوە دەکەن گوایە تاوەکو ئێستاش دایکی دیڤیز کوڕەکەی لەگەڵ خۆی دێنێتە مەشقەکان و دەباتەوە. ئەو یاریزانە تەمەن 18 ساڵانە لەو بارەوە گوتی «ڕاستە، هەموو ڕۆژێ دایکم من دێنێتە یاریگەی مەشقەکان و دەشمباتەوە، نازانم ئەوە چی تێدایە؟! هەمیشە هاوڕێکانم بەو هۆکارەوە گاڵتەم پێدەکەن، بەڵام پێموایە ئەو کارە هیچ هەڵەیەکی تێدا نییە، دایکم زۆری خۆشدەوێم و هەمیشە حەزدەکات یارمەتیم بدات».

# مێسی و ڕۆناڵدۆ

## کامیان بۆ تیپەکەیان کاریگەرترن لە لیگادا؟



**ئا: ڕەمزی میرەکانی**

لەم ماوەی دواییدا بەراوردکردن لەنێوان لیۆنێل مێسی و کریستانیۆ ڕۆناڵدۆ، هەردوو ئەستێرەی بارسێلۆنا و ڕیال مەدرید بەشێوەیەکی بەرچاو کەمی کردووە، ئەوەش وامان لێدەکات پرسیار لە هۆکارەکەی بکەین، چونکە پێشتر ڕۆژنامەکانی ئیسپانیا و جیهان هیچ دەرفەتێکیان لەکیس نەدەدا، تاوەکو ئەو دوو ئەستێرەیە نەخەنە نێو تەرازووی بەراوردکردنەوە.

بەشێوەیەکی گشتی بەر لەوەی بچینە نێو وردەکارییەکان، پاشەکشەکردنی ئاستی دۆن لەم وەرزەدا بەتایبەتی لەم ساڵەدا، هۆکاری کەمبوونی ئەو بەراوردکردنانەیە. مێسی ئێستا بە ئاستی بەرزی لەگەڵ بارسا لەپێشەوەیە، لەو کاتەی ئاستی ڕۆناڵدۆ بووەتە مایەی پرسیارکردنی زۆر، لەوانەیە کاندیدی بردنەوەی باڵۆن دۆری ساڵی 2017 نەبێت، ئەگەر تاوەکو کۆتایی وەرز لەسەر ئەم ئاستەی ئێستای بەردەوام بێت.

### لیۆ ڕۆڵی لە بەدەستهێنانی 24 خاڵ و 7 بردنەوەی بەسەریەکەوە هەبووە

دوای ئەوەی دەزگاکانی ڕاگەیاندنی ئیسپانیا دووپاتیان کردەوە، لیۆ بەرچاوترین ڕۆڵی لە بەدەستهێنانی خاڵەکانی تیپەکەی لە لیگادا هەیە، ئەویش بەدەستهێنانی 24 خاڵە بۆ بارسا، ویستمان بۆ ئەرشیفی یارییەکانی یانەکە لەم وەرزە بگەڕێینەوەو وردتر لەسەر ڕۆڵی مێسی هەڵوەستە بکەین، لیۆ ڕۆڵی لە بەدەستهێنانی 24 خاڵ بۆ یانەکەی هەیە، لە میانی 14 گۆڵ و 9 پاسی یەکلاییکەرەوەدا، بێ ژماردنی ئەو یارییانەی بە ئەنجامی گەورە کۆتاییان هاتووە، وەک یاری لیگانیس لە یاری چوون بە ئەنجامی 5 ـ 1 گۆڵ، کە لیۆ 2 گۆڵی تۆمارکردو پاسێکی یەکلاییکەرەوەشی دا، مێسی لە یارییەکانی ڤالنسیا 3 ـ 2 بە تۆمارکردنی 2 گۆڵ، سڤیلیا 2 ـ 1 بە تۆمارکردنی گۆڵێک و پاسێکی یەکلاییکەرەوە، ئۆساسۆنا 3 ـ 0 بە 2 گۆڵ و پاسێکی یەکلاییکەرەوە، لیگانیس 2 ـ 1 بە تۆمارکردنی 2 گۆڵ و ئەتلەتیکۆ مەدرید 2 ـ 1 بە گۆڵێک 3 خاڵی بۆ یانەکەی دەستەبەرکردووە، هەروەها ڕۆڵی لە یەکسانبوونی یانەکەی بەرامبەر ڕیال سۆسیداد 1 ـ 1 بە تۆمارکردنی گۆڵێک، ڤیاریال 1 ـ 1 بە تۆمارکردنی گۆڵێک و ڕیال بیتیس 1 ـ 1 بە پاسێکی یەکلاییکەرەوە هەبوو.

### ڕۆناڵدۆ 13 خاڵی بۆ ڕیال بەدەستهێناوە

لەلایەکی دیکەوە هەرچەندە ڕیال مەدرید لە ڕووی ئەنجامەوە بە ماوەیەکی باش تێپەڕ دەبێت، بێ قسەکردن لەسەر ئاستی باش لە هەندێ یاری و ناوەڕاست لە هەندێ یاری دیکەدا، کەچی کریستیانۆ ڕۆناڵدۆ ئەو هەڵکشانە بەکۆمەڵییەی لەگەڵ زیدان وەک پێویست نەقۆستووەتەوە، بۆیە ڕۆڵی تەنیا لە بەدەستهێنانی 13 خاڵ بۆ شاهانە هەبووە، لەوانە 9 خاڵ لە 3 یاری لە یەکدی نزیکەوە، بەرامبەر یانەکانی ئالاڤێس 4 ـ 1 بە تۆمارکردنی 3 گۆڵ، لە یاری دوای ئەو بەرامبەر لیگانیس نە گۆڵی تۆمارکرد و نە پاسی یەکلاییکەرەوەشی دا، پاشان بەرامبەر ئەتلەتیکۆ مەدرید هاتریکی تۆمارکرد 3 ـ 0، دواتر بەرامبەر سپۆرتینگ خیخۆن 2 گۆڵی تۆمارکرد، هەروەها بەرامبەر ئالاڤێس 3 ـ 3 ڕۆڵی بینی لە بەدەستهێنانی خاڵێکی گرنگ بۆ ڕیال مەدرید، بە تۆمارکردنی 2 گۆڵ. کەچی ئامادەبوونی لە یارییەکانی دیکە هەرگیز کارا نەبووە، تەنیا لە یاری ڕیال سۆسیداد نەبێت، کە گۆڵێکی تۆمارکردو پاسێکی یەکلاییکەرەوەشی دا، لە کۆی 3 گۆڵی یانەی شاهانە بەرامبەر یانەکەی باسک.

### مێسی لە 5 یاری لە کۆی 23 یاری هیچ ڕۆڵێکی نەبووە

هەر لەم بارەوە لیۆنێل مێسی بەشداری لە 23 یاری لە خولی ئیسپانیا کردووە لەم وەرزەدا، بەهۆی پێکان لە یاری سپۆرتینگ خیخۆن و سێلتاڤیگۆ دابڕا، لە یاری مەلەگەش بەهۆی هەڵامەت بەشداری نەکرد، لە زۆربەی یارییەکانی بلاوگرانا کە مێسی بەشداری تێدا کردووە، ئامادەبوونێکی بەهێزی هەبووە، تەنیا لە 5 یاری نەبێت، لە 17 یاری گۆڵی تۆمارکردووەو پاسی یەکلاییکەرەوەی داوە، ئەو 5 یارییەش بەرامبەر ئەو یانەکانی ئەتلەتیک بلباو و ئالاڤێس لە گەڕی دووەم و سێیەم، ئەتلەتیکۆ مەدرید لە گەڕی 5، گرانادا لە گەڕی دەیەم و ڕیال مەدرید لە گەڕی چواردەم، لیۆ لە 16 یاری گۆڵی تۆمارکردووە، تەنیا لە بەرامبەر ڕیال بیتیس لە گەڕی بیستەمدا پاسێکی یەکلاییکەرەوەی داوە.

### دۆن لە 7 یاری لە کۆی 20 یاری هیچ ڕۆڵێکی نەبووە

هەرچی ڕۆناڵدۆیە لە مێسی کەمتر بەشداری لە یارییەکاندا کردووە، لە 20 یاری ڕیال بەشداریکردووەو لە 4 یاری بەهۆی هەڵامەت، پێکان و شتی دیکە دابڕاوە، لە لایەنی گۆڵ تۆمارکردنیشەوە دۆن لە 12 یاری ڕۆڵی هەبووە، لەیەک یارییش بەرامبەر ئیبار لە گەڕی حەفتەم پاسێکی یەکلاییکەرەوەی داوە، بەمەش بەدرێژایی 7 یاری لە گۆڵ تۆمارکردن و پاسی یەکلاییکەرەوە دابڕاوە، ئەویش بەرامبەر یانەکانی ڤیاریال و لاس پالماس لە گەڕی پێنجەم و شەشەم، ئەتلەتیک بلباو لە گەڕی نۆیەم، لیگانیس لە گەڕی یازدەم، بارسێلۆنا لە گەڕی چواردەم، مەلەگە لە گەڕی نۆزدەم و ئیسپانیۆل لە گەڕی بیست و سێیەم بوو. بەرامبەر ئەو هەموو ژمارە و ئامارانەدا دەردەکەوێ، دۆن ئەمڕۆ لە هەموو ڕۆژێکی ڕابردوو زیاتر داواکراوە هەڵسێتەوەو بگەڕێتەوە سەر ئاستی جارانی، ئەگەرنا بەدڵنیاییەوە هەموو خەڵاتە تاکە کەسییەکانی ساڵی 2017 لەدەست دەدات، لەوانەشە هەرگیز لە نێو 3 باشترینەکان نەبێت.

"لیۆ ڕۆڵی لە بەدەستهێنانی 24 خاڵی بارسا و دۆن ڕۆڵی لە بەدەستهێنانی 13 خاڵی ڕیالدا هەبووە".

"ڕۆناڵدۆ لە 7 یاری لە کۆی 20 یاری هیچ ڕۆڵێکی نەبووە"

"مێسی لە 5 یاری لە کۆی 23 یاری هیچ ڕۆڵێکی نەبووە"

## بەبێ مۆراتا ڕیال مەدرید سێیەم

## بنزیمە 194مین باش

## گۆڵکاری ئەوروپا

**ڕووداوی وەرزشی ـ AS**

سەرەڕای ئەوەی لە یاری ڕابردووی ڕیال مەدرید بەرامبەر ئیبار لە لالیگادا، 2 گۆڵی تۆمارکرد، هێشتا کەریم بنزیمەی هێرشبەری فەرەنسی نەیتوانیوە متمانەی هەوادارانی یانەی شاهانە بەدەستبێنێتەوەو پێیانوایە زەینەدین زیدانی ڕاهێنەر بۆ خاتری بنزیمە ستەم لە مۆراتا دەکات. ئامارەکانی مۆراتا و بنزیمەش ئەو ڕاستییە دووپات دەکەنەوە.

زەینەدین زیدانی ڕاهێنەری فەرەنسی یانەی ڕیال مەدریدی ئیسپانی، بەهۆی پشت نەبەستنی بە هێرشبەر ئەلڤارۆ مۆراتا و یاریکردن بە کەریم بنزیمە بەشێوەی سەرەکی ڕەخنەی زۆری لێگیرا. ڕۆژنامەی ASی ئیسپانی ڕاپۆرتێکی لەبارەی ژمارەی ئەو خاڵانە ئامادە کردووە، کە کەریم بنزیمە و ئەلڤارۆ مۆراتا بە گۆڵەکانیان بۆ ڕیال مەدرید لە لالیگای ئەمساڵدا بەدەستیان هێناوە.

ڕۆژنامەی ناوبراو لەو ڕاپۆرتەیدا ئاماژەی بەوە کردووە، بنزیمە 7 گۆڵی لە 1291 خولەکدا تۆمارکردووە (لە هەر 184.40 خولەک گۆڵێک) و 4 خاڵی بۆ ڕیال مەدرید بەدەستهێناوە، هەرچی مۆراتایە 8 گۆڵی لە 746 خولەک تۆمارکردووە (لە هەر 93.25 خولەک گۆڵێک) و 8 خاڵی بۆ یانەکەی بەدەستهێناوە.


هەر ئەوەندە نا، بەڵکو بە ژماردنی خاڵەکانی هەردوو یاریزان، گۆڵەکانی مۆراتا ڕۆڵی لەوە هەبووە ڕیال مەدرید بگاتە لوتکە، ئەگەر گۆڵەکانی ئەو نەبووانە ئێستا ڕیال مەدرید لە دوای بارسێلۆنا و سڤیلیا لە پلەی سێیەم دەبوو، بۆیە مەدریدییەکان هێشتا بنزیمەیان ناوی، کە ئێستا لە پلەی 194ی باشترین گۆڵکارانی کیشوەری ئەوروپایە.



## هێرشبەر

## 4 یاریزانی ل

## جوانترین لێدوان




گەورەترین ڕووداو لە ژیانی مندا، سەردانیکردنی کەعبەی پیرۆز بوو، ئینجا تۆمارکردنی یەکەم گۆڵم بوو بە لێدانی ڕاستەوخۆ

هاکان ئۆغلۆ
(یاریزانی یانەی بایرلیڤەرکوزن)



لەبەر مێسی ناچار بووم بە 2 بەرگریکاری زیاتر یاری بکەم، بەڵام کە ئەو لە ڕۆژی خۆیدا بوو بە کەس و بە هیچ ڕاناگیرێت

ئیدواردۆ پیریزۆ
(ڕاهێنەری یانەی سێلتاڤیگۆ)



هەقم لەوە نییە ڕاهێنەری بارسێلۆنا واز دەهێنێت یان نا، کاری گرنگتر لە کێشەکانی بارسام هەیە بۆ ئەوەی بایەخیان پێبدەم

سێرجیۆ ڕامۆس
(کاپتنی یانەی ڕیال مەدرید)



ڕیال مەدرید فێڵی لێکردم کاتێک مایکل ئۆینی پێفرۆشتم، چونکە یاریزانێکی خراپ بوو، ئەو خراپترین گرێبەست بوو لە مێژووی نیوکاسڵدا

فریدی شێفێرد
(سەرۆکی یانەی نیوکاسڵ)



هیچ پەیوەندییەکم بە بارسێلۆناوە نییە، کەسیش بۆ ئەو مەبەستە پەیوەندی پێوە نەکردووم، من تاوەکو مردن پابەندم بە گرێبەستی سڤیلیا

خۆرخێ سامپاولی
(ڕاهێنەری یانەی سڤیلیا)



مەمفیس دیپای نابێت نیگەران بێت کە خەڵک ڕەخنەی لێدەگرێت، چونکە ئەو زیاتر لە تۆپی پێ بایەخ بە جلوبەرگەکانی خۆی دەدات

ڕۆناڵد دی بۆر
(ئەستێرەی پێشووی هەڵبژاردەی هۆڵەندا)

ژمارە ( 440 )
سێشەممە 2017/3/7



## درۆیە

پاولۆ ڤالێری ناوبژیوانی ئیتاڵی، کە لە یاری یوڤانتۆس و ناپۆلی لە جامی ئتاڵیادا 2 لێدانی سزای بۆ یۆڤی ئەژمارکردو لەلایەن هەوادارانی ناپۆلییەوە بــەوە تۆمەتبارکرا کە بەناهەق ئەو 2 پەناڵتییەی بۆ یوڤانتۆس گرتووە، رەتیکردەوە داوای لێبوردنی لە ناپۆلی کردبێت و لەو بارەوە گوتی «درۆیە، من داوای لێبوردنم لە کەس نەکردووەو ناشکەم، چونکە هیچ شتێک نییە تاوەکو بەهۆیەوە داوای لێبوردن بکەم، گرتنی ئەو 2 پەناڵتییە بۆ ناپۆلی بە 2 بڕیاری دروست بووە».



### متمانەی بە تواناکانی زەینەدین زیدان نەماوە..

# "پیرێز دەیەوێ مۆرینیۆی بگەڕێنێتەوە ریال مەدرید"

**رووداوی وەرزشی ـ SPORT**

رۆژنامەیەکــی نزیــک لــە یانەی ریــال مەدریدی ئیســپانی، ئاشکرای دەکات سەرۆکی یانەی ریال مەدریدی شاهانە بیر لەوە دەکاتەوە خــۆزێ مۆرینیۆی راهێنەری پورتوگالی بگەڕێنێتەوە مەدرید و جارێکی دیکە ئەرکی مەشقەکانی یانەکەی پێبداتەوە.

رۆژنامەی دۆن باڵۆنی ئیسپانی لە راپۆرتێکیدا ئاشکرایکردووە، فلۆرەنتینۆ پیرێزی ســەرۆکی یانەی شاهانە پلانی بۆ گێڕانەی خۆزێ مۆرینیۆ بۆ یانەکەی داناوە، لە ســایەی متمانە نەبوونی تەواوی بە راهێنەری ئێستا زەینەدین زیدانەوە.

رۆژنامەکــە باس لــەوە دەکات، ئایندەی زیدان لە ریال مەدرید مسۆگەر نییە و پیرێزیش لە ئاستی تیپەکە رازی نییە، هەرچەندە لە خولی ئیسپانیا لە پلەی یەکەمە و لە چامپیۆنزلیگیش هەنگاوی باشی ناوە، کە ساڵی رابردوو لەگەڵ زیدان نازناوەکەی بەدەستهێنا.

ئــەو رۆژنامەیە هەروەهــا ئاماژەی بەوەش کــردووە، پیرێز پێیوایە مۆرینیۆ شایســتەی گەڕانــەوەو گرتنەبەری ئەزموونی دووەمــە لەگەڵ ریال مەدریددا، هەرچەندە ئێســتا گرێبەســتی لەگەڵ مانچێستەر یونایتدی ئینگلیزی هەیە و گرێبەستەکەشی لەگەڵ شــەیتانە سوورەکان بۆ ماوەی 3 وەرزە. رۆژنامەکە لەو بارەوە زیاتر دەڵێت «ئینتەرمیلانی ئیتاڵیش هەوڵ بۆ گێڕانەوەی مۆرینیۆ دەدات، کە ساڵی 2010 پێشەوایەتی تیپەکەی کرد بۆ بردنەوەی نازناوی چامپیۆنزلیگ بەدەست بێنێت.

رۆژنامەی دۆن باڵۆن، باس لەوەش دەکات، کە بەربەستێک لەبــەردەم گەڕانەوەی مۆرینیۆ بۆ ریــال مەدرید هەیە، ئەویش تێکچوونــی پەیوەندییەکانــی مۆرینیۆیە لەگــەڵ هەندێک لە ئەســتێرەکانی ریــال مەدرید، کە بەر لــەوەی لە ریال مەدریــد بــڕوات، رۆژنامەکان شــەڕ و ناکۆکی نێوان مۆرینیــۆ و ئەوانیــان ئاشــکراکرد، بەتایبەتیــش ســێرجیۆ رامۆســی کاپتن، کریســتیانۆ رۆناڵدۆی ئەســتێرەی یەکەمــی یانەکــەی و پیپێــی بەرگریــکاری پورتوگالی. لەگەڵ ئەوەشدا هەندێک لە چاودێران پێیانوایە «ئەگەر پیرێز بتوانێت مۆرینیــۆ رازی بــکات بۆ گەڕانــەوە، ئەوا ئاشــتکردنەوەی ئەو ئەستێرانە و مۆرینیۆ کارێکی ئاسانتر دەبێت بۆ ئەو».


### نەبوونی پەیوەندییە

پێشــتر مۆرینیــۆ بــۆ مــاوەی 3 وەرز لــە 2011 تاوەکو 2013 راهێنــەری ریــال مەدرید بــووەو 3 نازنــاوی لەگەڵدا بەدەســتهێناوە، بەڵام نەیتوانی پێشــەوایەتی تیپەکە بــکات بــۆ بردنــەوەی نازنــاوی چامپیۆنزلیگ، هەرچەنــدە لەهــەر 3 وەرزیشــدا گەیشــتە قۆناخی نیوەی کۆتایی.



### ... دەبوو..

# ...ترین
# ...یە



# "سانچێز لە ئارسیناڵ گەورەترە"

**رووداوی وەرزشی ـ CNBC**

لــە یــاری لیڤەرپــوول و ئارســیناڵ، لــە گــەڕی 27ی پریمەرلیگدا، ئەلیکســیس ســانچێزی ئەســتێرەی چیلی، جارێکی دیکە راســتی ئەو قسەیەی سەلماند، کە دەڵێت «سانچێز لە ئارسیناڵ گەورەترە».

ســەرەڕای ئەوەی سانچێز لە گێمی دووەمی یارییەکەدا بەشداریکرد، بەڵام توانی تاکە گۆڵی یانەکەی دروست بکات و سەلماندی کە باشترین گۆڵکاری و گۆڵدروستکەری ئارسیناڵە لە دەرەوەی یاریگەی خۆیدا، کە تاوەکو ئێستا لە پریمەرلیگی ئەمساڵدا خاوەنی 11 گۆڵ و 4 ئەسیستە لە دەرەوەی یاریگەی یانەکەی.

ئەلیکســیس ســانچێز، رازی نییــە گرێبەســتەکەی لەگــەڵ یانــە لەندەنییەکەی نوێ بکاتەوە، بە پاســاوی ئەوەی ئاست و ئەنجامەکانی بــەدڵ نییــەو وەک هەندێ لــە چاودێران ئەو یاخیبوونــەی ئەو یاریزانە چیلییە لێکدەدەنەوە، ئەو خۆی پێ گەورەترە لە ئاسیناڵ. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئامارەکان ئەو راستییە دەسەلمێنن کە سانچێز مافی خۆیەتی بەو شێوەیە بیر بکاتەوە. تەنانەت زۆر لە شارەزاو پسپۆرانی تۆپی پێ هەمان بۆچوونیان لەبارەی سانچێزەوە هەیە و راشکاوانە دەڵێن «سانچێز ناهەقی نییە لە ئارسیناڵ بڕوات، چونکە ئەو لە ئارسیناڵ گەورەترە، ئەو شایەنی ئەوەیە لە یەکێک لە گەورەترین یانەکانی ئێستای ئەورووپا یاری بکات، کە بریتین لە بارسێلۆنا و ریال مەدرید لە ئیسپانیا و یوڤانتۆس لە ئیتاڵیا و بایرن میونشن لە ئەڵمانیا».



### ...ێک بە پلەی پزیشک..

# ...ە مردن رزگار کردووە

**رووداوی وەرزشی ـ MIRROR**

لە خولی تۆپی پێی چیکدا، یاریزانێکی نێودەوڵەتی، گۆڵپارێزی تیپی بەرامبەری لە مردن رزگارکرد، دوای ئەوەی زمانی خۆی قووت دایەوە لە یاری نێوان هەردوو یانەی سلۆڤاکۆ و بوهیمیانزدا.

بــە گوێرەی رۆژنامەی میرۆری بەریتانی، یاریزانی تۆگۆلی فرانســیس کۆنێ هێرشــبەری یانەی سلۆڤاکۆ، کارێکی پاڵەوانانەی ئەنجامدا و ژیانــی گۆڵپارێزی تیپی بوهیمیانزی رکابەری رزگارکرد، دوای ئــەوەی لە کاتی یارییەکــە زمانی خۆی قووت دایەوەو بە بێهۆشی کەوت.

مارتن بیرکۆڤیچی گۆڵپارێز، بە توندی بەر یاریزان دانیال کریچ کەوت، کە بووە هۆی قووتدانی زمانی و کەوتنــی لەســەر زەوی، کەچی هەڵسوکەوتی خێرای فرانسیس ژیانی مارتنی رزگارکرد، ئەوەش پاڵــی بە راهێنەری یانەکەوە نا سوپاســی بکات و پەســنی ئەو یاریزانــە پاڵەوانە بدات. فرانســیس لە کۆنگــرەی رۆژنامەوانیدا گوتی «ئەوە جــاری چوارەمە ناچــار دەبم زمان لەنێو دەمــی یاریزانان دەربێنم و رێگەی روودانی کارەساتیان لێبگرم، جارێکیان لە تایلەند بوو، 2 جار لە ئەفریقیا و ئەمجارەش لە چیک». ئەو هێرشبەرە تۆگۆلییە هەروەها گوتیشی «لە بارودۆخێک یارمەتی هەندێ یاریزانم داوە، کە هەڕەشەی لە ژیانیان دەکرد، لەو جۆرە حاڵەتانەدا پشکنینی خێرا دەکەم، بۆ ئەوەی بزانم یاریزانەکە زمانی خۆی قووت داوە یان نا».

مارتن شەوێک لە نەخۆشخانە مایەوەو تیشکی پارچە پارچەی بۆ گیرا، دواتر لەسەر لاپەڕەی خۆی لە فەیسبووک سوپاسی فرانسیسی کرد، کە ژیانی ئەوی لە مردن رزگاکرد، لەو یارییەی کە بە یەکسانبوون بە بێ گۆڵ کۆتایی هات.

### ...ەکانی هەفتە



ئەگــەر هەواڵەکــە درۆش بێت بۆ من شــەرەفێکی گەورەیە بڵێن بارســێلۆنا بیــری لێدەکاتەوە، بەر لە ســاڵ و نیوێک راهێنــەری یانەیەکی بچــووک بووم بەناوی لۆگۆ، کە کەس نەیدەناسی

**کیکی سیتیین**
(راهێنەری یانەی لاس پالماس)



مــن بەدرێژایــی کاروانــی یاریکردنم تەنیــا زۆر لە یەک یاریزان ترســاوم، کاتێک رۆناڵــدۆی بەرازیلیم لە یاریگەدا دەبینی لە ترسان دەلەرزیم

**فابیۆ کاناڤارۆ**
(کاپتنی پێشووی هەڵبژاردەی ئیتاڵیا)



بە گەڕانەوەم بۆ بارســێلۆنا، مێســی لــە یاریکردن زۆر باشتر دەبێت، چونکە هێشتا هەندێک شت ماوە فێری بکەم

**رۆناڵدۆینهۆ**
(ئەستێرەی پێشووی هەڵبژاردەی بەرازیل)



ئێمە بۆ بەرگریکردن ناچینە کامپ نو، بەڵکو وەک یاری چوون هێرش دەکەین تەنانەت دڕندانەتریش

**ئونای ئیمرێ**
(راهێنەری یانەی پاریس سانجێرمان)



من دەتوانم وانە بە منداڵەکانم بڵێمەوە بۆ ئەوەی باش و خراپ لێکجیابکەنەوە، بەڵام ناتوانم وانە بە بەیڵ بڵێمەوە، چونکە ئەو منداڵ نییە باشە و خراپە لێکجیانەکاتەوە

**مارسیلۆ**
(بەرگریکاری یانەی ریال مەدرید)



هەرگیز جارێکی دیکە ناچمەوە ئاهەنگێک کە یەکێتی تۆپی پێی نێودەوڵەتی سازی بکات، چونکە ستەمێکی زۆری لێکردووم

**لویس سوارێز**
(هێرشبەری یانەی بارسێلۆنا)





## بەرەو کۆتایی

ڕۆژنامەی AS ی ئیسپانی لە ڕاپۆرتێکیدا چەند ئامارێکی ئەمدواییەی ئەندریس ئینێستای ئەستێرەی یانەی بارسێلۆنای ئیسپانی کردە بەڵگە بۆ ئەوەی مانشێتی ڕاپۆرتەکەی بکاتە «ئینێستا بەرەو کۆتایی دەچێت». ئەو ڕۆژنامەیە لە ڕاپۆرتەکەیدا نووسیویەتی «ئینێستا لە دوایین 9 گەڕی لالیگادا لە کۆی 810 خولەک تەنیا 130 خولەک یاریکردووە، ئەمەش بە ڕوونی ئەو ڕاستییە دەردەخات کە تواناکانی ئەو یاریزانە بەرەو کۆتایی دەچن، بەهۆی تەمەن گەورەییەوە، هەرچەندە ئینێستا بەهۆی پێکانەوە بەشداری لە 3 لەو 9 یارییەدا نەکردووە».

## بەرەوە قۆناخی 8ی چامپیۆنزلیگ..

# بارسا بە پلەیستەیشن سەردەکەوێت و فەرشی سوووریش بۆ ریال و بایرن ڕاخراوە



**شرۆڤە: سەفین تەما**

سەیر نەبوو بەلاتانەوە لە کۆی 16 یانەی سەرکەوتوو بە قۆناخی چوون و هاتن، تەنیا 2 یانە کە بە یەکەمی کۆمەڵەکانیان سەرکەوتبوون، توانیان بردنەوە بەدەستبێنن کە (یوڤێنتوس و ئاتلێتیکۆ مەدرید) بوون؟ ئەمە هۆکاری ئەوە نییە کە ئەو تیپانەی لە سەرەتای وەرزەوە زۆر بەهێز دەرکەوتن و یەکەمی کۆمەڵەکانیان بوون نەیانتوانی خۆیان بە تۆکمەیی ڕابگرن؟ هەرچۆنێک بێت زۆربەی ئەنجامەکان بەپێی بۆچوون و قسەی خەڵک و شرۆڤەکاران تا ڕادەیەک یەکلایی بووەتەوەو ئەوە ماوە تەنیا وەڵامی پێشهاتەکانە کە ئەویش پیاوی خۆی دەوێت ئەوە بکات.

باشە شتێکی دیکەی سەیرتان بینی کە هیچ یارییەک لە کۆی ئەو 8 یارییەی بینیمان بە یەکسانبوون کۆتاییینەهات، ئەی ئەمە ئەوە ناگەینێت کە تەکتیک لە ئەوروپا لە لوتکەش دەربازبووەو وا دەگاتە کەشکەڵانی فەلەک؟.

لە هەمووشییان گرنگتر، ئەو 8 یانەیەی لە یاریگەی خۆیان یارییان کردووە، تەنیا دووانیان دۆڕاندیان و 6 دانەکەی دیکە براوە بوون، ئەی ئەمە نیشانەی ئەوە نییە کە ئیدی خاک و جەماوەر پشکی شێرییان لە یەکلاییکردنەوەی ئەنجامەکان بەرکەوتووە؟

سێشەممەی چامپیۆنزلیگ..

### ناپۆلی ـ ریال مەدرید

#### شەڕی نێوخۆ سەری ساری دەخوات

کەس ئاگای لە ماڵی ناپۆلی نییە، ئەوەی لەوێ ڕوودەدات کە زۆر نهێنییە لە دوای کرانە دەرەوەی ناپۆلی لە خولی یانە پاڵەوانەکان دەکەوێتە سەرزاری ڕۆژنامەوانان و ئیدی دەتەقێتەوە، ڕەنگە تۆ کە ئەم بابەتە دەخوێنیتەوە ئاگات لەوە نەبێت لە ماڵی ناپۆلیدا چ کێشەیەک هەیە، لە دوای بەرامبەربوونی ناپۆلی لەگەڵ پالێرمۆ لە 1/29ی ئەمساڵ، شەڕە قسە لەنێوان دی لاورێنتسی سەرۆک و ماوریسیۆ ساری ڕاهێنەردا دروستبوو، ئەوەیان زوو ساردبووەوە تاوەکو یاری پێشکۆتایی جامی ئیتاڵیا، کاتێک ناپۆلی 1 ـ 3 بە یوڤێنتوسی دۆڕاند، لەدوای ئەوە ئینجا نۆرەی شەڕی یاریزانەکان بوو لەگەڵ ساریدا، زۆر قسە بەیەکدی گوتراوە، ئەم شەڕانە جاریێ بێدەنگی لێکراوە، تاوەکو چارەنووسی یارییەکە یەکلاییدەبێتەوە، ئیدی ڕەنگە ئەو شەڕە نێوخۆییانە سەری ساری بخۆن.

ریال مەدرید هەموو پێکهاتەی سەرەکی ئامادەیە، BBC ئامادەی یارییەکە دەبن، بەڵام ئامارێک هەیە دەڵێت ئەگەر ئەوانە ئامادەی یارییەکان ریال مەدرید بووبن، ڕێژەی سەرکەوتنیان 74%یە، کەچی لە غیابی ئەواندا ڕێژەی بردنەوەکان 70%یە، کەواتە جیاوازییەکی ئەوتۆ نییەو لەم وەرزەشدا کەمترین یارییان بەیەکەوە کردووە.

### ئارسیناڵ ـ بایرن میونشن

#### هاندەران بەرگەی هۆڵۆکۆستێکی دیکە ناگرن ڤینگەر!

وایلێهاتووە یەکێک لە ڕۆژنامەکانی ئەڵمانیا بە یاری گەڕانەوەی بایرن میونشن و ئارسیناڵ بڵێت کەمپی مەشقی باڤارییەکان، ناهەقیان نییە، کامە ڕاهێنەر وەک ڤینگەر ڕووقایمە هێشتا لە پۆستەکەیدا بەردەوام بێت؟ جا خۆ ئەوەی لە سۆشیاڵ میدیا بەو ڕاهێنەرە کراوە لە ماوەی 10 ساڵی ڕابردوودا باوەڕناکەم ئاگای لە خۆی بووبێت، چونکە بەردیش بێت دێتە قسە.

شیکردنەوەیەک بۆ یارییەکە خوازراو نییە، تۆپ هەرچەند بێ بار بێت، بەڵام لە بەختی ڕەشی هاندەرانی ئارسیناڵ هەرگیز بە دڵی ئەوان لەنگەر ناگرێت، هاندەرە تۆپچییەکان چیدیکە بەرگەی هۆڵۆکۆستی نازییەکان ناگرن، چونکە لە مێژووی قۆناخی چوون و هاتندا هەرگیز ڕوویندەداوە یانەیەک بە زیاتر لە 4 گۆڵ دۆڕابێت و سەرکەوتبێت.

چوارشەممەی چامپیۆنزلیگ..

### بارسێلۆنا ـ پاریس سانجێرمان

#### لەگەڵ مێسیدا هیچ شتێک مەحاڵ نییە

هاوڕێیەکی ڕۆژنامەنووسی کەتالۆنیم بە گاڵتەوە پێی گوتم «بارسێلۆنا سەردەکەوێت، بەڵام بە پلەی ستەیشن»، ڕەنگە قسەکەی ئەو لە خەفەتی ئەو نسکۆیە بێت، بەڵام ئایا بەجددی لەگەڵ مێسی ئەم وەرزەدا شتێک هەیە بەناوی مەحاڵ؟ ئایا پاریس ئەو یانەیەیە کە متمانەی پێبکرێت بتوانێت تۆڕەکەی لە نیوەی یەکەمدا بپارێزێت؟ ئەی باشە بڵێی کامپ نۆو ئەوەندە بەدفەڕ بێت کە لەپێشدا بووبووە جەهەننەمی زۆران، ئێستا ببێتە هۆی دۆڕان، تۆران و ڕووخانی بارسا؟

ئایا قوتابخانەی لاماسیا ئاوای فێرکردوون کە لە کاتی شکستەکاندا ڕابکەن وەک ئەوەی مێسی لەگەڵ ئەرجەنتیندا کردی لەدوای کۆپا یان وەک ئەوەی ئەمجارەی ئێنریکی کە وازیهێنا؟ ئەمە پەروەردەی قوتابخانە سوور و شینەکەیە یانیش خۆدزینەوەیە لە بەرپرسیارێتی؟

ئەوەی بارسا کردی لە چوار یاری ڕابردوویدا لە لالیگا، تۆمارکردنی 11 گۆڵ لە 2 یاریدا، کە یەکێکیان بەرامبەر سێلتا بوو، تروسکاییەک هیوای بۆ هاندەرانی گەڕاندەوە، لەگەڵ ئەوەشدا ترسێکی کەمی خستە دڵی هاندەرانی PSG یەوە.

بۆ زانین لە ڕابردوو 5 جار ڕوویداوە یانەیەک لە دەرەوەی یاریگەی خۆیدا 4 ـ 0 بدۆڕێت، بەڵام هەرگیز ئەم قۆناخی نەبڕیوە.

### دۆرتموند ـ بێنفیکا

#### ئەم قۆناخە نەفرەت لە تۆخێل دەکات

تەنیا 9 یانە لە کۆی 30 یانەدا کە لە یاری چووندا 1 ـ 0 دۆڕابوون گەیشتوونەتە قۆناخی داهاتوو، کە دەکاتە لە 30%

لە دوایین 9 یاری لەم قۆناخەدا، یانەی بۆرووسیا دۆرتموند تەنیا 2 یاری بردووەتەوە، 7 یاریشی دۆڕاندووە، کەواتە حاڵی لە بێنفیکا باشتر نییە، 7 یارییە لەسەریەک دەیباتەوە، یەکەمی خولەکەیەتی، بۆ ئەم یارییە بە پێکهاتەی 4 ـ 2 ـ 3 ـ 1 یاریدەکات، ئەو یاریزانانەشی بەشداری ناکەن یان گومانیان لەسەرە بریتین لە فیلیپێ ئۆگۆستۆ کە بە فەرمی دوورکەوتووەتەوە، ئەلیخاندرۆ گارسیا لەگەڵ لیوبۆمیر فییێسا کە گومانیان لەسەرە یاری بکەن.

دۆرتموندێکی خراپ، لەدەستدانی خولی ئەڵمانی، پێکهاتەیەکی لێوانلێو لە پێکان، ڕووبەڕووی یانەیەکی زۆر مورتاح دەبێتەوە، لە سەروو هەموو ئەوانەی کە بۆ یارییەکە ئامادەنین، مارکۆ ڕۆیسی ئەستێرەی یەکەمی یانەکەیە، لەدوای ئەو سڤێن بێندەر و ماریۆ گۆتزێ ئامادە نابن، نوری شاهین لەولاوە بوەستێت کە هەرگیز لەگەڵ ناخۆشییەکانی تیپەکەیدا نەوەستاوە، سێباستیان ڕۆدەش ڕەنگە بەهۆی پێکانەوە یاری نەکات، پێکهاتەی تۆخێل 3 ـ 4 ـ 2 ـ 1 دەبێت.



دایکی کوڕەکەی ڕۆناڵدۆ لە بەهەشتە..

# ڕۆناڵدۆ کوڕەکەی بە 15 ملیۆن دۆلار کڕیوە

**ئا: سەفین تەما**

زۆربەمان ئەو کوڕە ئەسمەرەی ڕۆناڵدۆ دەناسین کە ناوی جۆنیۆرە، منداڵێک کە کۆمەڵێک پرسیاری بەدوای لەدایکبوونی خۆیدا هێناو لە هەمووشیان گرنگتر، کێ دایکی ئەو منداڵەیە؟

ڕۆناڵدۆ هەموو کاتێک هەوڵیداوە منداڵەکەی لەوە بپارێزێت کە هەست بە تەنیایی و بێ دایکی بکات، بەڵام هەرگیز ئەو کارەی بۆ ناکرێت، چونکە ئەستەمە منداڵێک لە نازی دایکی بێبەش بکرێت، یانیش هیچ کەسێک جێگای دایکی ڕاستەقینە بۆ کەس پڕ ناکاتەوە.

ئێستا ئەوەی گرنگە ئەوەیە، کێ دایکی ئەم منداڵەیە؟ بۆچی هەمیشە ئەو بابەتە لەلایەن ڕۆناڵدۆوە دادەخرێت؟

وەڵامی ئەم پرسیارە لە ڕۆژنامەی دەیلی میرەری بەریتانیدا درایەوە، کاتێک هاوڕێیەکی ڕۆنالدۆ ئەم بابەتەی ئاشکراکردو گوتی «ئەوکاتەی ڕۆناڵدۆ لەگەڵ یانەی ریال مەدرید لە گەشتێکدا بوو بۆ ئەمریکا و لە شاری لۆس ئەنجلۆس، لە یەکێک لە چێشتخانەکاندا چاوی دەکەوێت بە کارگوزارێک و سێکسی لەگەڵدا دەکات، ئیدی دوای ماوەیەک دەرکەوت کە ئەو ئافرەتە دووگیانەو لە ڕێگای خۆرخێ مێندێزی بەڕێوبەری کارەکانییەوە ڕۆناڵدۆ ئاگادارکرایەوە، بەڵام دۆن بەم قسانە باوەڕی نەکردو داوایکرد پشکنینیDNA ی بۆ بکرێت، ئیدی پشکنینەکان دەریانخست کە ئەو منداڵە لە ڕۆناڵدۆیە.

دۆن خۆی بێبەری نەکردو لە ڕێگای دادگاوە داوایکرد ئەو منداڵە بباتە لای خۆی، ئافرەتە کارگوزارەکە ئەم هەلەی لەدەستنەداو 15 ملیۆن دۆلاری لەبەرامبەر دانەوەی منداڵەکە بە ڕۆناڵدۆ وەرگرت، واتە کریستیانۆ منداڵەکەی خۆی وەرگرتەوە، بەڵام بە پارە، دەتوانین بڵێین «ڕۆناڵدۆ منداڵەکەی خۆی کڕییەوە».

ئاشکراکردنی ئەنجامی پشکنینی DNA لە مۆندیالی 2010 بوو، ئەوکات ڕۆناڵدۆ بەبارودۆخێکی دەروونی خراپدا دەڕۆیشت و هەڵبژاردەکەی بە دەستبەتاڵی کرایە دەرەوە.

ئەو منداڵەی ڕۆناڵدۆ ئێستا لەگەڵ دایکی ڕۆناڵدۆ و خودی ئەو یاریزانەدا دەژیت، بەڵام تاوەکو ئێستا چەندجارێک دایکی گۆڕاوە! چونکە لەو کاتەوە جۆنیۆری کوڕی ڕۆناڵدۆ، چەند ئافرەتێک نازی دایکایەتییان بەسەردا تاقیکردووەتەوە، بەڵام ئەمە نەبووەتە بەربەست لەبەردەم ئەو پرسیارەی کە لەلای جۆنیۆر دروستبووە، ئەویش «کێ دایکی منە؟ کوا دایکی من؟ «.

بۆ وەڵامی ئەو پرسیارە، هەمیشە پێیانگوتووە «دایکت لە بەهەشتە» بەڵام ڕۆناڵدۆ ئەو قسەیەی لێ قەدەخە کردوون و ڕایگەیاندووە تاوەکو جۆنیۆر نەگاتە تەمەنی 18 ساڵی، نابێت ناسنامەی دایکی بزانێت.





لە پەیوەندییەکی نەپچڕاودا بمێنەوە لەگەڵ پاکێجە نایابەکانی فەیسبووک لە کورەك

ئێستا لە (کورەك)ەوە، پاکێجەکانی فەیسبووك بەدرێژایی کات لە پەیوەندیت دەهێڵێتەوە.
پاکێجێك هەڵبژێرە:

| پاکێج | قەبارە | نرخی بەشداریکردن | بەردەستبوون (ڕۆژ) |
|---|---|---|---|
| هەفتانە | 300 مێگابایت | 3000 د.ع | 7 |
| ڕۆژانە | 50 مێگابایت | 1000 د.ع | 1 (24 کاتژمێر) |

چێژ لە سەرجەم تایبەتمەندییەکانی فەیسبووك و فەیسبووك ماسنجەر وەربگرە.
بۆ بەشداریکردن، پەیوەندی بکە بە #360* و پەیڕەوی ڕێنماییەکان بکە

korektel.com
411

# خشتەی یارییەکانی هەفتە

رووداو وەرزشی
ژمارە (440)
سێشەممە 2017/3/7

## خولی ئیسپانیا (هەفتەی 27)

| | |
|---|---|
| **هەینی 2017/3/10** | |
| ئیسپانیۆل - لاس پالماس | 10:45 |
| **شەممە 2017/3/11** | |
| ڤالێنسیا - خیخۆن | 03:00 |
| سڤیلیا - لیگانێس | 06:15 |
| مەلەگە - ئالاڤێس | 08:30 |
| گرانادا - ئەتلەتیکۆ مەدرید | 10:45 |
| **یەکشەممە 2017/3/12** | |
| ریال سۆسیداد - ئەتلەتیک بلباو | 02:00 |
| دیپۆرتیڤۆ - بارسیلۆنا | 06:15 |
| سێلتاڤیگۆ - ڤیاریال | 08:30 |
| ریال مەدرید - ریال بیتیس | 10:45 |
| **دووشەممە 2017/3/13** | |
| ئۆساسۆنا - ئیبار | 10:45 |

| یانە | خاڵ |
|---|---|
| 1 - بارسیلۆنا | 60 |
| 2 - ریال مەدرید | 59 |
| 3 - سڤیلیا | 55 |
| 4 - ئەتلەتیکۆ مەدرید | 49 |
| 5 - ریال سۆسیداد | 48 |
| 6 - ڤیاریال | 45 |
| 7 - ئەتلەتیک بلباو | 41 |
| 8 - ئیبار | 39 |
| 9 - ئیسپانیۆل | 36 |
| 10 - سێلتاڤیگۆ | 35 |

| یاریزان | یانە | گۆڵ |
|---|---|---|
| 1 - مێسی | بارسیلۆنا | 23 |
| 2 - سوارێز | بارسیلۆنا | 19 |
| 3 - رۆناڵدۆ | ریال مەدرید | 18 |
| 4 - ئەسپاس | سێلتاڤیگۆ | 14 |
| 5 - گریزمان | ئەتلەتیکۆ مەدرید | 12 |

* ئەم ریزبەندە بەر لە یاری (ئالاڤێس - سڤیلیا) دانراوە.

## خولی ئینگلتەرا (هەفتەی 28)

| | |
|---|---|
| **چوارشەممە 2017/3/8** | |
| مانچێستەر ستی - ستۆک ستی | 11:00 |
| **شەممە 2017/3/11** | |
| ئیڤێرتۆن - وێست برۆمیچ | 06:00 |
| بۆرنمۆس - وێستهام | 06:00 |
| کریستال پالاس - تۆتێنهام | (دواخراوە) |
| هاڵ ستی - سوانزی ستی | 06:00 |
| میدلزبرە - ساندێرلاند | 06:00 |
| ئارسیناڵ - لیستەر ستی | (دواخراوە) |
| **یەکشەممە 2017/3/12** | |
| ساوسهامتۆن - مانچێستەر یونایتد | (دواخراوە) |
| لیڤەرپوول - بێرنلی | 07:00 |
| **دووشەممە 2017/3/13** | |
| چێڵسی - واتفۆرد | (دواخراوە) |

| یانە | خاڵ |
|---|---|
| 1 - چێڵسی | 63 |
| 2 - تۆتێنهام | 56 |
| 3 - مانچێستەر ستی | 55 |
| 4 - لیڤەرپوول | 52 |
| 5 - ئارسیناڵ | 50 |
| 6 - مانچێستەر یونایتد | 49 |
| 7 - ئیڤێرتۆن | 44 |
| 8 - وێست برۆمیچ | 40 |
| 9 - ستۆک ستی | 35 |
| 10 - ساوسهامتۆن | 33 |

| یاریزان | یانە | گۆڵ |
|---|---|---|
| 1 - کەین | تۆتێنهام | 19 |
| 2 - لۆکاکۆ | ئیڤێرتۆن | 18 |
| 3 - سانچێز | ئارسیناڵ | 17 |
| 4 - کۆستا | چێڵسی | 16 |
| 5 - ئیبراهیمۆڤیچ | مانچێستەر یونایتد | 15 |

* ئەم ریزبەندە بەر لە یاری (وێستهام - چێڵسی) دانراوە.

## خولی ئیتاڵیا (هەفتەی 28)

| | |
|---|---|
| **هەینی 2017/3/10** | |
| یوڤانتۆس - میلان | 10:45 |
| **شەممە 2017/3/11** | |
| جینەوا - سامپدۆریا | 10:45 |
| **یەکشەممە 2017/3/12** | |
| ساسۆلۆ - بۆلۆنیا | 02:30 |
| ڤیرۆنا - ئیمپۆلی | 05:00 |
| فیۆرەنتینا - کالیاری | 05:00 |
| ئینتەرمیلان - ئەتەلانتا | 05:00 |
| ناپۆلی - کرۆتۆنی | 05:00 |
| پیسکارا - ئۆدینێزی | 05:00 |
| پالێرمۆ - رۆما | 10:45 |
| **دووشەممە 2017/3/13** | |
| لازیۆ - تۆرینۆ | 10:45 |

| یانە | خاڵ |
|---|---|
| 1 - یوڤانتۆس | 67 |
| 2 - رۆما | 59 |
| 3 - ناپۆلی | 57 |
| 4 - لازیۆ | 53 |
| 5 - ئەتەلانتا | 52 |
| 6 - ئینتەرمیلان | 51 |
| 7 - میلان | 50 |
| 8 - فیۆرەنتینا | 42 |
| 9 - تۆرینۆ | 39 |
| 10 - سامپادۆریا | 38 |

| یاریزان | یانە | گۆڵ |
|---|---|---|
| 1 - بیلۆتی | تۆرینۆ | 22 |
| 2 - هیگواین | یوڤانتۆس | 19 |
| 3 - دزیکۆ | رۆما | 19 |
| 4 - مێرتێنس | ناپۆلی | 18 |
| 5 - ئیکاردی | ئینتەرمیلان | 17 |

## خولی فەرەنسا (هەفتەی 29)

| | |
|---|---|
| **هەینی 2017/3/10** | |
| نیس - کان | 09:00 |
| مارسیلیا - ئەنجی | 10:45 |
| **شەممە 2017/3/11** | |
| مۆناکۆ - بۆردۆ | 06:45 |
| گانگۆن - باستیا | 10:00 |
| مۆنپیلیە - نانت | 10:00 |
| رین - دیجۆن | 10:00 |
| نانس - لیل | 10:00 |
| **یەکشەممە 2017/3/12** | |
| سانت ئیتیان - میتز | 05:00 |
| لیۆن - تۆلۆز | 07:00 |
| لۆریان - پاریس سانجێرمان | 11:00 |

| یانە | خاڵ |
|---|---|
| 1 - مۆناکۆ | 65 |
| 2 - پاریس سانجێرمان | 62 |
| 3 - نیس | 62 |
| 4 - لیۆن | 47 |
| 5 - بۆردۆ | 43 |
| 6 - مارسیلیا | 42 |
| 7 - سانت ئیتیان | 40 |
| 8 - رین | 37 |
| 9 - تۆلۆز | 36 |
| 10 - ئەنجی | 36 |

| یاریزان | یانە | گۆڵ |
|---|---|---|
| 1 - کاڤانی | پاریس سانجێرمان | 27 |
| 2 - لاکازیتی | لیۆن | 22 |
| 3 - فالکاو | مۆناکۆ | 16 |
| 4 - گۆمێز | مارسیلیا | 16 |
| 5 - مۆنی | مۆنپیلیە | 12 |

## خولی ئەڵمانیا (هەفتەی 24)

| | |
|---|---|
| **هەینی 2017/3/10** | |
| بایرلیڤەرکۆزن - ڤێردەربریمەن | 10:30 |
| **شەممە 2017/3/11** | |
| بایرن میونشن - فرانکفۆرت | 05:30 |
| هێرتا بەرلین - بورۆسیا دۆرتمۆند | 05:30 |
| لایپزیگ - ڤۆلفسبۆرگ | 05:30 |
| فرایبۆرگ - هۆفنهایم | 05:30 |
| دارمشتات -ماینز | 05:30 |
| ئینگۆلشتات - کۆڵن | 08:30 |
| **یەکشەممە 2017/3/12** | |
| شاڵکە - ئۆگسبۆرگ | 05:30 |
| هامبۆرگ - مونشنگلادباخ | 07:30 |

| یانە | خاڵ |
|---|---|
| 1 - بایرن میونشن | 56 |
| 2 - لایپزیگ | 49 |
| 3 - بورۆسیا دۆرتمۆند | 43 |
| 4 - هۆفنهایم | 41 |
| 5 - هێرتا بەرلین | 37 |
| 6 - فرانکفۆرت | 35 |
| 7 - کۆڵن | 33 |
| 8 - فرایبۆرگ | 33 |
| 9 - مونشنگلادباخ | 32 |
| 10 - بایرلیڤەرکۆزن | 30 |

| یاریزان | یانە | گۆڵ |
|---|---|---|
| 1 - ئۆبامیانگ | بورۆسیا دۆرتمۆند | 21 |
| 2 - لیڤاندۆڤسکی | بایرن میونشن | 19 |
| 3 - مۆدیست | کۆڵن | 17 |
| 4 - وێرنەر | لایپزیگ | 14 |
| 5 - واگنەر | هۆفنهایم | 10 |

## جامی یەکێتی ئینگلیزی

| | |
|---|---|
| **شەممە 2017/3/11** | |
| میدلزبرە - مانچێستەر ستی | 03:15 |
| ئارسیناڵ - لینکۆلن ستی | 08:30 |
| **یەکشەممە 2017/3/12** | |
| تۆتێنهام - میلوول | 05:00 |
| **دووشەممە 2017/3/13** | |
| چێڵسی - مانچێستەر یونایتد | 10:45 |

## یۆرۆپالیگ (گەڕی 16)

| | |
|---|---|
| **پێنجشەممە 2017/3/9** | |
| ئەپویل نیقۆسیا (قوبرس) - ئەندرلەخت (بەلجیکا) | 09:00 |
| روستۆڤ (رووسیا) - مانچێستەر یونایتد (ئینگلتەرا) | 09:00 |
| کۆپنهاگن (دانیمارک) - ئەیاکس (هۆڵەندا) | 09:00 |
| سێلتاڤیگۆ (ئیسپانیا) - کراسنۆدار (رووسیا) | 11:05 |
| شاڵکە (ئەڵمانیا) - بورۆسیا مونشنگلادباخ (ئەڵمانیا) | 11:05 |
| لیۆن (فەرەنسا) - رۆما (ئیتاڵیا) | 11:05 |
| ئۆلۆمپیاکۆس (یۆنان) - بێشکتاش (تورکیا) | 11:05 |
| جینیت (بەلجیکا) - جینک (بەلجیکا) | 11:05 |

| یاریزان | یانە | گۆڵ |
|---|---|---|
| 1 - ئیدین دزیکۆ | رۆما | 8 |
| 2 - ئیدینهۆ کامپۆس | زینیت | 8 |
| 3 - خەلیفە کۆلیبالی | جینیت | 8 |
| 4 - ئاریتز ئادۆرێز | ئەتلەتیک بلباو | 7 |
| 5 - لیۆن بایلی | جینک | 7 |

## چامپیۆنزلیگ (گەڕی 16)

| | |
|---|---|
| **سێشەممە 2017/3/7** | |
| ناپۆلی - ریال مەدرید | 10:45 |
| ئارسیناڵ - بایرن میونشن | 10:45 |
| **چوارشەممە 2017/3/8** | |
| بارسیلۆنا - پاریس سانجێرمان | 10:45 |
| بورۆسیا دۆرتمۆند - بێنفیکا | 10:45 |

| یاریزان | یانە | گۆڵ |
|---|---|---|
| 1 - لیۆنێل مێسی | بارسیلۆنا | 10 |
| 2 - ئەدینسۆن کاڤانی | پاریس سانجێرمان | 7 |
| 3 - سێرجیۆ ئەگوێرۆ | مانچێستەر ستی | 7 |
| 4 - رۆبەرت لیڤاندۆڤسکی | بایرن میونشن | 6 |
| 5 - رادامیل فالکاو | مۆناکۆ | 6 |

## یارییە گرنگەکان

| یاری | کات | پاڵەوانێتی | رۆژ |
|---|---|---|---|
| ناپۆلی - ریال مەدرید | 10:45 | چامپیۆنزلیگ | سێشەممە 7/3/2017 |
| بارسیلۆنا - پاریس سانجێرمان | 10:45 | چامپیۆنزلیگ | چوارشەممە 8/3/2017 |
| مانچێستەر ستی - ستۆک ستی | 11:00 | خولی ئینگلتەرا | چوارشەممە 8/3/2017 |
| روستۆڤ - مانچێستەر یونایتد | 09:00 | یۆرۆپالیگ | پێنجشەممە 9/3/2017 |
| یوڤانتۆس - میلان | 10:45 | خولی ئیتاڵیا | هەینی 10/3/2017 |
| مۆناکۆ - بۆردۆ | 06:45 | خولی فەرەنسا | شەممە 11/3/2017 |
| ریال مەدرید - ریال بیتیس | 10:45 | خولی ئیسپانیا | یەکشەممە 12/3/2017 |
| چێڵسی - مانچێستەر یونایتد | 10:45 | جامی ئینگلتەرا | دووشەممە 13/3/2017 |

## بەخشیشەکەی کۆنتی



لە سوپرایزێکی گەورەدا، شوفێری تاکسییەک لە شاری لەندەن بەخت یاوەری بوو، دوای ئەوەی کەسایەتییەکی بەناوبانگی وەک ئەنتۆنیۆ کۆنتی راهێنەری ئیتاڵی یانەی چێڵسی لەگەڵیدا سەرکەوت. جیسۆن مارکۆی شوفێر سەری سوڕما دوای ئەوەی کۆنتی سواری ئۆتۆمبێلەکەی بوو، کە پڕجەماوەرترین راهێنەرە لە شاری لەندەن، دوای درەوشانەوەی چێڵسی لە پریمەرلیگی ئەم وەرزەدا. مارکۆ ئاشکرایکرد کۆنتی بڕی 12 پاوەند (15 دۆلار) بەخشیشی داوەتێ. مارکۆ وێنەیەکی خۆی و کۆنتی بڵاوکردەوە، بۆ ئەوەی راستی قسەکانی پشتڕاست بکاتەوەو لەسەری نووسیوە «ئەوە وایکرد رۆژ، هەفتەو مانگەکەم نایاب بێت».



ڕێبوار محەممەد

# ئێمری لە 4 گۆڵەکەی پەشیمانە

فالگرەوە نیم و پێشبینیش ناکەم، بەڵام دڵنیام لەوەی ئۆنای ئێمری راهێنەری پاریس سانجێرمان، ئێستا کە بیر لەوە دەکاتەوە روو لە یاریگەی کامپ نو دەکات، بۆ رووبەڕووبوونەوەی بارسیلۆنا، لەوە پەشیمانە بە 4 گۆڵی بێبەرامبەر لە یاری چووندا سەرکەوتنی بەسەر ئەو یانەیەدا بەدەستهێناوە.

پێشتریش لەسەر هەمان بابەتم نووسی و ئێستاش کە یارییەکە چەند کاژێرێکی کەمی ماوە، هەمان بۆچوون دووپاتدەکەمەوە، بەڵام نایشارمەوە ئێستا متمانەم بە سەرکەوتنی بارسا لەوکات زۆر زیاترە کە گوتم بەڵێ بارسیلۆنا توانای گەڕانەوەی هەیە. چونکە جارێکی دیکە دووپاتیدەکەمەوە سەرکەوتنی پاریس سانجێرمان بەسەر بارسیلۆنادا تەنیا غافڵگیرکردنی زەبەلاحێک بوو لە ساتێکی بێئاگاییدا.

لەوانەیە پێتان سەیر بێت کە دەڵێم ئێمری لە بردنەوە گەورەکە پەشیمانە، بەڵام راستییەکە ئەوەیە، ئەمەش لەبەر زۆر هۆکار:

ئێمری بەو بردنەوەیە مێژوویەکی تۆمارکرد، بەڵام ئەو مێژووە نیوەیە، ئەگەر بەتەواوی سەرکەوتنی تێدا بەدەست نەهێنێت. لەبەرئەوەی هەمووجار دەڵێم مێژوو سەرکەوتووەکان دەینووسنەوە، بەپێی ئەو بنەمایەش ئێمری ئەگەر 10 گۆڵیشی کردبێت، بۆی نابێتە مێژوو تا بارسا دەرنەکات، خۆ ئەگەر دەرینەکات، ئەوا دەرگای سەروەری و باسوخواسێکی گەورەی مێژوویی لەبەردەمی بارسادا دەکاتەوە، دەزانن بۆچی؟ چونکە ئەوکات رۆژی دواتر هەموو رۆژنامەکانی دونیا باسی ئەوە دەکەن، بارسیلۆنا پاش دۆڕانی بە 4 گۆڵی بێبەرامبەر، توانی بگەڕێتەوەو سانجێرمان دەربکات، کەواتە ئەوکات ئێمری لەبری ئەوەی مێژوو بۆخۆی بنووسێتەوە، مێژوو بۆ بارسیلۆنا دەنووسێتەوە.

ئێمری بەو بردنەوەیە هەموو دونیای لەسەر سەری خۆی کۆکردووەتەوە، ئاخر ئەو ئێستا گرەوەکەی زۆر گەورەترە، گەر جاری پێشوو ویستبێتی بڵێت دەتوانم لە بارسا ببەمەوە، ئێستا دەبێ بیسەلمێنێ ئەوەی روویدا رێکەوت نەبوو، بەڵکو پلان و تەکتیکی ئەوبوو.

لە راستیدا سەرکەوتنی پاریس سانجێرمانم وەک سەرکەوتن بەسەر هۆڤێکدا دێتە بەرچاو. بارسا ئەو هۆڤ (دێو)ەیە کە ئێمری ئازاری داوە، سووکایەتی پێکردووەو هەستی بریندارکردووە، ئێستا ئەو هۆڤە هەموو هۆشی لای تۆڵەکردنەوەی ئەو دۆڕانە و سارێژکردنی ئەو برینەیە.


بیهێننە بەرچاوی خۆتان، ئێمری چۆن مامەڵە لەگەڵ یارییەکەدا دەکات؟ ئەو بەرامبەر تیپێک یاریدەکات، یاریزانەکانی لە خۆیان لە ئەنجامی یاری چوون، لە مێژووی ناوبانگ و هەستیان تووڕەن، پڕن لە رق بەرامبەر ئەو شەوەی پاریس، ئەوانەش کێن، یاریزانەکانی بارسا کە گواردیۆلا فێری وانەیەکی زۆر مەزنی ژیانی کردوون "هەرگیز تێر نابین لە نازناوەکان".

ئێمری راهێنەرێک نییە لە رووی تەکتیک و پلانەوە بەهێز بێت، گەرچی لە ئیسپانیا چەندجارێک نازناوی یۆرۆلیگی بردووە، بەڵام لە لالیگادا هەرگیز دەرەقەتی بارسا نەهاتووە، ئەوە پێشتریش لە جامی سوپەری ئیسپانیادا روویداوە، یاری چوونی لە یاریگەی خۆیدا لە بارسا بردووەتەوە، بەڵام نەفەس و توانا و لێهاتوویی ئەوەی پێشان نەداوە ئەو بردنەوەیە جارێکی دیکە لە نوکامپدا دووبارە بکاتەوە.

بەڕاستی بڵێم ئێمری، مۆرینیۆ نییە بە 10 یاریزانەوە ماوەی 90 خولەک لەبەر هێرشەکانی بارسادا خۆی بگرێت و پووچەڵیان بکاتەوە، کوالیتی یاریزانەکانیشی ئەوەندە بەرز نییە لە بەرگریدا بتوانن ئەو شتە بکەن. ئێستا ئێمری چیدەکات، بە 10 یاریزانەوە بەرگریدەکات؟ تا چەند خۆی دەگرێت؟ هێرشدەبات؟ ئەی رووبەری پشتی هێرشەکانی چۆن لەسەر یاریزانانی بارسا دادەخات؟ ئێمری گەرچی لە رووی هێرشبەرییەوە هەمیشە تیپەکانی باش دروستدەکات، لە بەرگریدا هەمان کاری بۆ ناکرێت.

سەرکەوتنی بارسا قورسە، بەڵام ئەستەم نییە، وەک هاندەرێکی بارسا لە شەقامی ئیسکان لە کاتی وەرزیندا گوتی "بارسایەک 7 گۆڵ لە سێلتیک و 5 لە ریال مەدرید بکات، دەتوانێت هەمان سیناریۆ بەسەر سانجێرمانیشدا دووبارە بکاتەوە". ئیدی ئەوە مێژووە.

# گیا لەسەر پنجی خۆی دەڕوێتەوە



روودلوی وەرزشی ـ Gulf News

تیۆی کوڕی بچووکی ئەفسانەی فەرەنسی، زەینەدین زیدانی راهێنەری یانەی ریال مەریدی ئیسپانی، جارێکی دیکە هەستی هونەری گەورەی خۆی سەلماند، کە کاندیدی دەکات شوێنی باوکی لەسەر یاریگەکان بگرێتەوە. بێجگە لەوەش ئەو کوڕە بەهرەمەندەی زیدان سەلماندی کە دەتوانێت ببێتە یاریزانێکی سەرسوڕهێنەری تۆپی باسکەش.

دوای یاریکردن بە یاریزانان و پێشکەشکردنی ئاستێکی هونەری بەرز، لە راهێنەکانی تیپی تۆپی پێی لاوانی ریال مەدرید، ئەو کوڕەی زیدان سەوداسەرانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی بە هونەری بەرزی لە یاری تۆپی باسکەش سەرسام کرد.

ئەو لە گرتەیەکی ڤیدیۆیدا کە وەک هەورە بروسکە لەسەر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بڵاوبووەوە دەردەخات، چۆن بەشێوەیەکی هونەری تۆپی باسکە دەهاوێژێت و خاڵ تۆمار دەکات، کە تەنیا ئەستێرەکانی خولی باسەکەی ئەمریکا وایان پێدەکرێ.

ئەگەرچی جیاوازی لەنێوان تۆپی باسکە و تۆپی پێدا هەیە، کە ئەمەی دوایی بە ئارەزووی یەکەمی تیۆ دادەنرێت، کەچی سەوداسەرانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان پێیانوایە ئەو گەنجە، هەستێکی هونەری ناوازەی هەیە، کە وایلێدەکات ببێتە پرۆژەی ئەستێرەیەکی داهاتوو لە تۆپی پێ و لە تۆپی باسکەشدا.

پێشبڕکێ



## بە کورتترین و جوانترین لێدوانت لەسەر ئەم وێنەیە خەڵات وەربگرە

کورتە نامەیەک لەگەڵ ناوی خۆت بنێرە بۆ ژمارە تەلەفۆنی:

**0750 833 3555**



براوەی پێشبڕکێی ژمارەی پێشوو

کاردۆ شەریف لە هەڵەبجەی شەهید

بە لێدوانی:

**(یا خەمبار و کەساسە، یاخود سوجدەی سوپاسە)**

ژمارە (440)
سێشەممە 2017/3/7

## LOTTO 6 پەنجاو پێنجەمین پێشبڕکێ

شەش کۆبۆنی یەک بەدوای یەک، واتا هی شەش ژمارەی لە دوای یەک بە ناو و ژمارەی تەلەفۆنی خۆت پڕ بکەرەوە و بیگەڕێنەرەوە بۆ ئەو شوێنەی (رووداوی وەرزشی)ت لێکڕیوە، بەو جۆرە لەتیروپشکی بردنەوەی لۆتۆی رووداوی وەرزشی بەشداربە.

خەڵاتەکان

1 ـ ئامێری رۆیشتنی کارەبایی
2 ـ تەلەڤزیۆنی LCD
3 ـ کۆمپیوتەری لاپتۆپ
4 ـ کۆمپیوتەری دیسکتۆپ
5 ـ ئامێرەکی تەلەفونی مۆبایل

ناو : ..............................

مۆبایل : ..............................

(رووداوی وەرزشی) بخوێنەوەو خەڵات ببەرەوە




هەموو دووشەممەیەک بخوێنەوە

رووداو هەموومان گەنجتر دەکاتەوە

RÛDAW
www.rudaw.net
(رووداوی وەرزشی) رۆژنامەیەکی هەفتانەیە کۆمپانیای رووداو بە سپۆنسەری کۆمپانیای کورەک تیلیکۆم، هەموو رۆژانی سێشەممە دەریدەکات
لە سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان بە ژمارەی متمانەی (160) تۆمارکراوە
سەرنووسەر: ئیحسان تاهیر محەممەد
e-mail:ihsan@rudaw.net - 0750 454 71 68
ئەندامی شانازی ستاف: عەبدوڵڵا قرگەیی
بەڕێوەبەری هونەری: حوسێن هیمەتی
دیزاینەران: هونەر مەرجان ـ ژیرۆ عەبدولرەحمان